گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەنگدانەوەی کلتوور و فۆلکلۆر لە شانۆی کوردیدا

**پ.ی.د. کیفی أحمد عبدالقادر**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆ کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان

Kaify.ahmad@koyauniversity.org

**پ.ی. د. هاوژین سڵیوە عیسا**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان

hawzhen.slewa@koyauniversity.org

## زانیارییەکانی توێژینەوە

**بەواری توێژینەوە**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/٦

پەسەندنکردن: ٢٠٢٢/١٢/١٨

بڵاوکردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**وشە سەرەکییەکان**

Heritage, Foikiore, Text theatre, Drama, Kurdish theatre

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.4.9

## پوختە

کلتوور ئەو بازنە فراوانەیە، کە چەندین بوار دەگرێتەوە، یەکیش لەوان ئەدەبی فۆلکلۆرییە، کە دەکەوێتە نێو بازنەی مەعنەوی کلتوورەوە، دیارە نووسەرانی هەموو نەتەوەکانی جیهان سودیان لە کلتوور و فۆلکلۆری نەتەوەکەیان وەرگرتووە و کردوویانە بە هەوێن و بنەما بۆ نووسینی دەقەکانیان، نووسەران بە شێوەیەکی گشتی سودیان لە کلتوور وەرکرتووە و لەکاتی نوسینی دەقەکانیاندا ئەو بوارەیان لەنێو مەتنی بابەتەکانیاندا مەزراندووە، بۆنموونە نوسەرانی شانۆ هەر لە سەردەمی گریکەوە، کە سودیان لە ئەفسانە و حەکایەتە فۆلکلۆر و مێژوو وەکو کلتوورێکی نەتەوەیی تا دەگاتە رۆمانییەکان و پاشانیش بۆ سەدەکانی دوای رینسانس و ئەدەبی هاوچەرخ و نوێدا سودیان لەو بوارە وەرگرتووە. لەهەمان کاتدا نوسەرانی کوردیش بۆ هەموو بوار و جۆرەکانی ئەدەب سوودیان لەو بوارە گرنگە (کلتوور و فۆلکلۆر) وەرگرتووە، یەکێکیش لەو جۆرانەی ئەدەب شانۆیە، شانۆی کوردی کاتێك سەرەتا بە نمایش دەستپێدەکات، هەموو بابەتەکان بریتیبوونە لە بابەتی کلتووریی و فۆلکلۆریی، دوای ئەوەی، کە دەقی شانۆی نووسراوی کوردیش سەرهەڵدەدات، دیسانەوە کلتوور و فۆلکلۆر دەبنە هەوێن و بنەمای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو دەقە نووسـراوە شـانۆییانە، هەر لە یەکەم دەقی شـانۆیی تا بە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەگات، ئەو پرۆسـەیە بە ڕێژە و شـێواز و چارەسـەری جیاواز بەپێی سـەردەمەکانەوە بەردەوامە، بۆیە لێرەدا دەمانەوێت لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا بکەین و ئەوە بسـەلمێنین و بخەینەڕوو، کە شـانۆی کوردیی کلتوور و فۆلکلۆری کردووە بە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی نووسین و نمایشەکانی خۆیدا.

## پێشەکی

کلتووربریتییە لەو هەموو ئەو پاشماوانەی، کە نەوەکانی پێشوو بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوویان لە هەموو بوارەکاندا جێهێشتووە، کە لەڕوانگەی پێشینانەوە تەنها بریتییە لە پاشماوەیەکی کۆن و بەس، بەڵام لەڕوانگەی سەردەمیانە و سەردەمی نوێدا ئەو بۆچوون و بیروباوەڕ و تێڕوانینە جیاوازی هەیە، چونکە وشەی کلتوور جێگا و شوێنێکی گەورەی داگیرکردووە، نەك تەنها لەسەر ئاستی ئەدەبیی، بەڵکو لەسەر ئاستی فیکریی و ڕۆشنبیریی بەشێوەیەکی گشتی، لێرەدا کلتوور تەنها بریتیی نییە لە پاشماوەی کۆن، کە پێشینان بۆیان جێهێشتووین، بەڵکو بریتییە لە درێژەپێدانی شارستانییەتی فیکریی و ژیاریی سەردەمیانە، کە نەوەکان لە هەوڵدابوون بۆ ئەوەی سود لەو پاشماوە بەنرخە وەربگرن و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەکاریبێنن و بیمەزرێنن، دیارە وشەکەش لە بنەڕەتدا بۆ لای یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە کلتوور وەکو زاراوە لە کەڵچەری یۆنانییەوە وەرگیراوە، ئەم وشەیە زۆر بواری وەکو زمان و مێژوو و ئایین و داب و نەریت و هەست و هۆشیاری و بەرهەمی فیکری و ئەدەبی و زانستی لەخۆدەگرێت، گرنگی کلتوور لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە یەکێکە لە بنەما سەرکی و یەکلاکەرەوەکانی دیاریکردن و پێوێنەی ئاستی پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەك، لە هەمان کاتدا نەتەوە بەهۆی کلتوورەوە دەتوانێت کەسێتی خۆی بنیات بنێت و دروستی بکات، کە بەهۆیەوە لە کەسێتی نەتەوەکانی دیکە جیادەکرێتەوە. هەروەها کلتوور هەموو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکانی نێو هەر کۆمەڵگەیەك دەگرێتەوە، کە لەژیانی ڕۆژانەیاندا پەیڕەوی لێدەکەن و وەکو یاسا و دەستورێکی کۆمەڵایەتی سەیری دەکەن، زۆرجار و لە زۆر بواردا وەکو هێڵێکی سوور دادەنرێت و تاکەکانی کۆمەڵ ناتوانن لێی دەربچن و سەرپچی بکەن، چونکە کەسی سەرپێچیکار بە کەسێکی لادەر و نامۆ سەیری

دەکرێت، لەوانەیە لەنێو ئەو کۆمەڵەدا جێگای نەبێتەوە، کەواتە کلتوور ئەو بازنە فراوانەیە، کە چەندین بوار دەگرێتەوە، یەکیش لەوانە داب و نەریتەکانن.

سنووری توێژینەوەکەمان وەکو شوێن بریتییە لە هەرێمی کوردستان – ئێراق، کە نموونەکان لە گشت شارەکانی هەرێم وەرگیراون. کاتیش دیاریکراو نییە و لە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ بۆ ئەمڕۆ لەبەردەم توێژینەوەکەدا والایە.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستراوە.

دیارە لێکۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای چەند پرسیارێکەوە بنیاتنراوە، کە دەکرێت وەکو کێشەی لێکۆڵینەوەکە لێکبدرێنەوە، کە بریتیین لە: ئایا شانۆی کوردی هیچ سیمایەکی کلتووریی پێوەدیارە؟ ئایا سەرەتای دەقی نووسراوی کوردی بە چ شێوەیەك دەستی پێکردووە و پشتی بەچی بەستووە؟ کارەکتەرانی نێو دەقەکان لەنێو کلتوور و کرۆکی میللەتەوە هاتوون یان نامۆن بە کۆمەڵگەکەیانەوە؟...هتد.

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، بیسەلمێنین لەنێو دەقی شانۆی نووسراوی کوردییدا کلتوور فۆلکلۆر رەنگیداوەتەوە، هەروەها کلتوور بووە بەسەرچاوە بۆ نووسەرانی شانۆی کوردیی بۆ بنیاتنانی رووداو و کارەکتەر و کات و شوێن و توخمەکانی دیکەی دەقی شانۆیی.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت و هەر بەشەش لە چەند تەوەرێك پێکدێت، وەکو (سوودوەرگرتنی نووسەران لە کلتوور و فۆلکلۆر، هۆکار و مەبەستی گەڕانەوە بۆ کلتوور و فۆلکلۆر، رەوتی سودوەرگرتنی جۆرەکانی ئەدەب و شانۆ لە کلتوور و فۆلکلۆر، رۆڵی کلتوور لە بەکۆمەڵایەتیی بوونی دەقەکاندا، سەرهەڵدانی دەقی شانۆی نووسراوی کوردی و کلتوور، سەرهەڵدانی شانۆی نووسراوی کوردیی و ڕووداوی مێژوویی و کارەساتبار).

## 1.1 سوودوەرگرتنی نوسەران لە کلتور و فۆلکلۆر

دیارە بازنەی کلتور زۆر فراوان و ئاڵۆزە، زۆر بواری وەکو زانست و زانیاری و هونەر و هزر و بیر و باوەڕ و یاسا و دیسپلین و دابونەریت...تاد دەگرێتەوە. سەرچاوەکانی کلتور گەلێك زۆر و جیاواز و هەمەلایەنن، کە بەپێی گرنگی و ماهیەتەکەی دەگۆڕێت، لەڕوانگەی ئەو جیاوازییەشەوە ئەدیب و نووسەران سوودیان لەو سەرچاوانە وەرگرتووە و بۆیان گەڕاونەتەوە، کە هەندێکیان گرنگییان بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشماوە میللییەکان داوە، بەو پێیەی, کە ئەو پاشماوانە گوزارشتیان لە سەردەمانی کۆنی باب و باپیرانیان کردووە. هەشیانە گرنگی بە پاشماوەی ئایینی دەدات، هەر نەتەوەیەکیش بەپێی ئەو ئایین و بیر و باوەڕەی، کە پەیڕەوی دەکات، گرنگی زیاتر بەو جۆرە پاشماوە ئایینییە دەدات، بۆ نموونە؛ نەتەوەکانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا زیاتر گرنگی بە بیروباوەڕ و پاشماوەی ئایینی مەسیحی دەدەن، کەچی نەتەوەکانی عەرەب و تورك و فارس و کورد و...هتد، زیاتر گرنگی بە دابونەریت و کلتوری ئایینی ئیسلام دەدەن، بەوپێیەی، کە بنەمای بەرنامە و دەستوری ژیاریی و یاسایی هەموو ئەو نەتەوە موسڵمانانەیە، کە دەکەونە ئەو ناوچانە؛ هەشیانە گرنگی بە کلتور و پاشماوەی مێژوویی دەدات، بەشێوەیەکی گشتی؛ لەناویشدا بەتایبەتی گرنگی بە کەسایەتییە مێژووییەکان دەدات، چونکە ڕابردوو و ڕوداوە مێژووییەکان وەکو کلاوڕۆژنەیەکە لەمیانەیەوە تیشك دەخرێتە سەر مەیدانێکی فراوان و ڕووناکی دەکاتەوە، لە ئەمڕۆ و لە سەردەمی ئێستادا بەرەو داهاتوو دەستمان دەگرێت و ڕێپیشاندەرمان دەبێت؛ تێڕوانینی ئەدیب و نووسەران و هونەرمەندان لەمیانەی مەزراندنی زیرەکانەی کەلەپوری نەتەوەییدا خۆی دەنوێنێت، ڕووداوەکان لە ڕابردوودا دزەدەکەنە نێو ئێستا، هەروەها لە ئێستاش بۆ ڕابردوو بەشێوەیەکی لەسەرەخۆ و زیرانە، بەبێ ئەوەی زۆر لە بنیاتی درامیان بکەین، بەتایبەت ئەو کەسێتییانەی وەکو کەرەستەیەکی بنیاتی دەقی شانۆنامەکە وەریان دەگرن، بەبێ ئەوەی وەکو خۆیان بەبێ زیاد و کەم دایانبنێنەوە، بەڵکو نووسەر دێت دووبارە دایاندەڕێژێتەوە بەشێوازێکی نوێ و سەردەمیانە دەیانخولقێنێتەوە و جوڵەیان پێدەکات و دەیانخاتە دۆخی وتووێژکردن لەگەڵ نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوو.(غمبار, 2010، 40) هەشیانە نایەوێت لە چوارچێوەی ئەدەبییەکە دەربچێت؛ دێت گرنگی بە  کلتور و پاشماوەی ئەدەبی و گرنگترین ئەدیبە دیارەکانی دەدات. جا هەر لەبەر ئەوەشە، کە سەرچاوەکانی  کلتور جۆراوجۆر و هەمەڕەنگن وەکو( پاشماوەی ئەفسانەیی و ئایینی و مێژوویی و ئەدەبی و میللی). نووسەران و ئەدیبان  کاتێك ئەو کلتوورە لە نێو کارەکانیاندا دەمەزرێنن، هەریەکەیان بەپێی تێگەیشتن و لێکدانەوە و شیکردنەوە و تێڕوانینی خۆی بابەتەکان دەخوێنێتەوەو ئیلهامیان لێوەردەگرێت و لەنێو کارەکانیدا دەیمەزرێنێت، کە لەگەڵ بارودۆخ و ژینگە و بیروباوەڕی کۆمەڵگەکەی دەیگونجێنێت, کەواتە " ئەو ژانرە ئەدەبییە فۆلکلۆرییانە لە زۆر رووەوە دەتوانن ببنە بنەما" (فەلاح، 2008، 298).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لە دێر زەمانەوە نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان کلتوریان وەك سەرچاوەیێکی سەرەکی بۆ سود لێووەرگرتن بەکارهێناوە، کەواتە مەزراندنی کەلەپور و فۆلکلۆر لەنێو دەقە ئەدەبیی و هونەرییەکان کارێکی نوێ و شێوە و شێوازێکی کارکردنی تازە نییە، بەتایبەتی لەنێو ئەدەب و هونەریی شانۆدا، بەڵکو ئەو جۆرە بیر و شێوازە بۆ سەردەمانی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی ئەدەب و هونەریی شانۆ دەگەڕێتەوە، چونکە هەر لەو کاتەوەی، کە هونەری شانۆ سەریهەڵداوە پەنای بۆ سودوەرگرتن و مەزراندنی کلتور بردووە، هەروەك چۆن گریکەکان، کە بە دامەزرێنەری هونەری شانۆ دادەنرێن و وڵات و زێدی ئەو هونەرەییە، دەستپێشخەری لەو بوارەدا بۆ ئەو نەتەوە و وڵاتە دەگەڕێتەوە، نووسەر و هونەرمەندە گەورەکانی گریك بوونە، کە سودیان لەو ئەفسانانە وەرگرتووە، کە لەنێو خەڵکیدا باوبوون و بەشێوەی زارەکی دەگێڕدرانەوە، بۆ نموونە (سۆفۆکلیس)، بۆ نووسینی شانۆنامەی (ئۆدیبی پاشا) سوودی لە ئەفسانەی میللی (ئۆدیب) وەرگرتووە، بەپێی لێکدانەوە و تێڕوانینی خۆی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییەی لەنێو دەقەکەیدا مەزراندووە، دەقەکەی (سۆفۆکلیس) لە سیانەیەك پێکدێت، کە بریتییە لە سێ دەقی شانۆیی زنجیرەیی یەکتری تەواوکەر، کە ئەو سەردەم باوی نووسینی ئەو شێوازە بووە، واتە دەقی سیانەیی، کە هەریەکەیان دەقێکی سەربەخۆیە، بەڵام لەبارەی یەك ڕووداو لە کات و سەردەمی جیاوازدا، ئەو سیانەیەش بریتییە لە دەقەکانی (ئەنتیگۆنا، ئۆدیبی پاشا، ئۆدیب لە کۆڵۆنۆس)، کە لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی فۆلکلۆری و میللی گریکی ئامادەیکردووە، هەرچەندە شوێنی ڕوودانی ئەو ئەفسانەیە دیارنییە، بەڵام ئەو چیرۆك و ڕووداو و سەربردەیە لەلای یۆنانییەکان باوبووە و لەنێو خەڵکی بەشێوەی زارەکی دەگێڕدرایەوە، هەتا ئەو کاتەی نووسەری گەورەی گریکی (سۆفۆکلیس) هاتووە ئەو چیرۆکە ئەفسانەییەی کردووە بە دەقێکی شانۆیی نووسراو، دوای ئەویش هەردوو نووسەرە گەورەکەی دیکەی گریك هەمان چیرۆك و ڕووداویان کردووە بە دەقی شانۆیی و لەنێو دەقەکانیاندا مەزراندوویانە، بەڵام بە تێڕوانین و لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیاواز، کە تایبەتمەندی خۆیان لەو بوارەدا پێبەخشیوە، نەك وەکو نووسەرانی پێش خۆیان بێن کۆنەکا بەبابکەن و شتە کۆنەکان دووبارەبکەنەوە و بیانجونەوە، هەرچەندە هیچیان لە تەوەر و ڕووداوە سەرەکییەکە لایاننەداوە، کە لەنێو چیرۆکە ئەفسانەییە فۆلکلۆرییەکەدا باسکراوە، بەڵام تێڕوانیینی جیاوازیان بۆ ئەو ئەفسانەیە هەبووە، بۆ نموونە (ئەسخلیۆس)یش لەمیانەی دەقە بەناوبانگەکەی (حەوتەکەی دژی تیبە) توانی ئەفسانەی (ئۆدیب) لە ڕوانگەی خۆیەوە بخاتەڕوو، هەروەها (یۆرپیدس)ی نووسەریش بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەردوو دەقە بەناوبانگەکەی (ئۆدیبی ونبوو)و (فینیقییەکان) توانی سود لەو چیرۆکە ئەفسانییە وەربگرێت و لەنێو دەقەکانیدا بیمەزرێنێت، دووبارە ئەفسانەکە دابڕێژێتەوە و خوێندنەوەی تازەی بۆ ئەو ئەفسانەیە هەبێت، دوای گریکەکان ڕۆمانییەکانیش، کە میراتگرەوەی ئەوانن لەسەر هەمان پەیرەوی ئەوان ڕۆیشتوون، سودیان لە کلتوور و فۆلکلۆر وەرگرتووە، لە نووسینی دەقە شانۆییەکانیاندا، بەهەمان شێوە هەموو نەتەوەکانی دنیا بە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەوە لە سەردەمە جیاوازەکاندا لەسەر ئەو پەیڕەو و شێوازە ڕۆیشتوون، کلتووری جیهانی و ڕەسەنی خۆیان لەنێو دەقە شانۆییەکانیاندا مەزراندووە و بەکاریانهێناوە.

### 1. 2 هۆکار و مەبەستی گەڕانەوە بۆ کلتور و فۆلکلۆر

زۆر هۆکار و ڕێوشوێن بوونەتە مایەی ئەوەی، کە نووسەران و هونەرمەندان پەنا بۆ کلتوور و کەلەپور و فۆلکلۆر ببەن و لەنێو دەقە شانۆییەکانیاندا بیمەزرێنن، چونکە زۆربەی توخم و ڕەگەزەکانی ئەو بوارە پڕن لە ڕەمز و هێما، کە لەڕووی چەندین ڕەهەندەوە دەبنە مایەی دەوڵەمەندیی و چێژ و جوانی دەقە شانۆییەکە، بۆنموونە لەڕووی دەروونییەوە دەبێتە ئاماژە و گوزارشت و ئامرازێکی خەمڕەوێن و حەسانەوە و هەناسەدانێکی دەروونی و حەوانەوەی هەست و سۆز و ئارەزووە خەفەکراوەکان, کەواتە " دەرونزان و کۆمەڵناسانیش هێندەی ئەدەیبەکان دەتوانن بۆ ناسینی ئێستا و رابردووی نەتەوە پشت بەوانە ببەستن" (فلاح، 2008، 298) هەروەها ئەو توخمانە تا ئاستێکی باش ئاسوودەیی و ئارامی بە دڵ و دەروونی تاکەکان دەبەخشن، چونکە مرۆڤ وا خولقاوە، کە پێویستی بەوە هەیە، کە کەسانی دیکەی نزیك و دەوروبەری ئاگاداری خەم و ئازارەکانی بن و لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیدا بەشدار و هاوخەمبن، لەبەرئەوەی ئەم ڕێگایە دەبێتە هۆی ڕزگاربوون و سووککردنی قورسایی سەرشانی و کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی ژیانی.

هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد، سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ بۆ ئەو دەقە تراژیدیانە دەگەڕێتەوە، کە نووسەرە گەورەکانی گریك لە سەدەی شەشەمی پێش زایین لە کەلەپوری خۆیان و جیهانییەوە وەریانگرتبوون، کە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەو تراژیدیانە وروژاندنی هەست و سۆز و بەزەیی و ویژدانی بینەران بووە، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆیان و گوێی خۆیان ئەو ڕووداوانە ببینن و ببیستن، لە کۆتایشدا هەڵوێستیان بەرامبەری هەبێت و هەڵویستی شیاو وەربگرن، چونکە هەروەك (ئەرستۆ) ئاماژەی بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردووە، ئەرکی تراژیدیا تەنها وروژاندنی هەست و سۆز و ترس نییە بەرامبەر بە ڕووداوە ترسناك و جەرگبڕەکان، بە مەبەستی پاکردنەوەی ئەو هەستانە بەگشتی، لەبەرئەوەی ئەگەر هەڵوێستەکە بەم شێوەیە بێت ئەوا ڕێگا و شێوە و شێوازی دیکە جگە لە نمایشی تراژیدیا هەیە، کە زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەو هەستانە لە ڕێگای وێناکردنی ڕووداوەکان بە زمانێکی زبر و توندوتیژ ئەم کارە بکەین و ئەنجامبدەین، هەروەك لە میلۆدراماکاندا هەیە، بۆیە (ئەرستۆ) لەمیانەی زاراوەی (پاککردنەوە) ئەوە دیاری دەکات، کە سروشتی ڕووداوی تراژیدی لەمیانەی ئەو ئەرکەی، کە ئەو ڕووداوە دەیبینێت یان ئامانج لە وێناکردنی ئەو ڕووداوە بەمشێوەیەیە، جا مەبەستی (ئەرستۆ) لە (پاککردنەوە) بریتییە لە پاککردنەوەی دەروون و لایەنی سایکۆیی، کە ئەرکەکەی ئەوەیە هەست و سۆزە هاوشێوە و دژەکان لە دەروونیدا ڕێکبخات و بگاتە پلەی هاوسەنگی دەروونی و ژیریی، بۆ ئەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی هاوسەنگانە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی بگوزەرێنێت، لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەریدا، بەمشێوەیە تراژیدیا لەمیانەی پاککردنەوەی دەروونیدا بەشداری دەکات، لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ و خۆشگوزەران و سەقامگیر، کە لەوێدا تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە تاکێکی ئاسایی و هاوسەنگ بن، نەوەك تاکێکی ڕاڕا و بەگومان و ناهاوسەنگ، ئەویش لە ڕێگای پاکردنەوە دەبێت, کە بەهۆی نمایشی دەقە شانۆییە تراژیدییەکانەوە ئەنجامدەدرێت، ئەمەش وادەکات، کە شانۆ ببێتە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی، کە کۆمەڵگا بەگشتی بەرەو ژیانێکی ئاسایی هاوسەنگ و یەکدی قبوڵکردن و پڕ لە خۆشی و خۆشەویستی و دوور لە ڕق و قینە و کوشتوکوشتار و خوێنڕێژی و...هتد، دەبات.(سرحان, 2000، 66 -67) ، ئەمەش دیارخەر و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە شانۆ لە سەرەتادا تەنها وەکو دەزگایەکی هونەریی و ئەدەبی نەهاتۆتە مەیدان و مەبەست لێی تەنها بیرێکی تەسکی یەك بواری هونەریی نەبووە، بەڵکو دەزگایەکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیش بووە، کە لەنێو کۆمەڵگەی پێشکەوتووی ئەو سەردەم پلەیەکی بەرزی هەبووە، دیارە مەبەست لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، ئەو نەتەوە و گەل و وڵاتانەیە، کە ئەو کات هەبووە، بۆ نموونە لەیەك وڵاتدا، کە وڵاتی گریك یان یۆنانە بەسەر دوو جۆر و بەرە و ژینگە و ئیدارە و نیشتماندا دابەشبوو بوو، کۆمەڵگە و دەسەلات و وڵاتێکی پێشکەوتوو، کە خۆی لە بەشی ئەسینا دەبینییەوە، هەروەها کۆمەڵگە و وڵات و دەسەڵاتێکی دواکەوتوو لەڕووی ئەدەب و ڕۆشنبیری و زانست، بەپێچەوانەی ئەسینییەکان گرنگییان بە لایەنی شەڕ و داگیرکاریی و لایەنی سەربازی دەدا، کە ئەویش خۆی لە بەشەکەی (ئیسپارتا) دەبینییەوە، جا لەو بەشە پێشکەوتووە دەزگای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەر و ئەدەب لەتەك دامودەزگای ڕامیاری و دادوەری و بەڕیوەبەرایەتی و جێبەجێکاری و...هتد، ڕۆڵێکی گەورەی پێدرابوو، ئەم ڕۆڵ و گرنگی پێدانەش دەتوانین لەمیانەی ئەو دەزگا و دامەزراوانەی بۆ ئەو بوارە دامەزرابوون ببینین، بۆ نموونە دامەزراندنی دەزگایەك بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی دەقە شانۆیی و کارەکانی نووسەرانی ئەو سەردەمە، بۆ ئەوەی تا چەندە شیاوی بڵاوکردنەوە و بینین، لەکاتی ئەو پێشبڕکێیانەی، کە ساڵانە ئەنجامدەدران بۆ تراژیبدیا و کۆمێدیاکان بەدیاردەکەوێت، کە ئەو کات لە شارە گەورە و پێشکەوتووەکانی گریگ ئەنجامدەدران، ئەم پیشبڕکێیانەش لەبەردەم هەموو هاووڵاتییان کراوەبوون، بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، کە لەلایەن کەسانی زانا و ئەدیب و هونەرمەند و پسپۆڕ و نوێنەری چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە سەرپەرشتی دەکران، لەلایەن دادوەری یەکەمی وڵات ئەو نمایش و پێشبڕکێیانە بەڕێوەدەبران، ئەمەش گەورەیی ئەو دەزگایە دەگەیەنی شان بەشانی دەزگاکانی دیکەی حکومەت و کۆمەڵی مەدەنی، (ناكیة, 1999، 25) هەروەها شانۆ دەبێتە هاندەر و دەروازەیەك بۆ بەشداریکردن لە چالاکی دەستەجەمعی، وەك؛ کۆڕ و دیوەخان و زەماوەند و پرسە و ...هتد، کەواتە ئەو کەلەپورەی، کە لەرابردوودا بۆمان جێماوە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، هەر بۆیەشە زۆر لە نووسەران و ئەدیب و ڕۆشنبیر و هونەرمەندان لەنێو کارەکانیاندا دەیمەزرێنن و بە کۆڵەگەیەکی پتەوی بنیاتی کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی دەزانن، هەر ئەو گرنگییەیە، کە وایکردووە زۆربەی تەوژم و ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان بڕوایان بە مەزراندن و گەڕانەوە بۆ کلتور هەیە و پێیان وایە، کە کارەکان زیاتر بە جەماوەری دەکات و ڕۆحی نەمرییان پێدەبەخشێت، لەهەمان کاتدا بە خەزێنەیەکی دەوڵمەند و لەبن نەهاتووی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی دەزانن. لەبەرئەوەی هونەری شانۆ وێنای ڕووداوە نەتەوەیی و مرڤایەتییەکان دەکات, بۆیە دەتوانێت بەبێ جیاوازی سود لە کلتوور و کەلەپوری جیهانی و نەتەوەیی وەربگرێت، هەردووکیان تێکەڵبکات و لەپێناو بەرژەوندی گشتیدا بەکاریانبهێنێت.

ئەو کار و بەرهەم و دەقە شانۆییانەی، کە سود لە کلتوور و کەلەپور وەردەگرن بە کۆمەڵێك سیما و تایبەتمەندی لە کارەکانی دیکە جیادەبنەوە، کە سود لەو بوارە وەرناگرن، بۆنموونە ئەو بەرهەمانە خاوەنی تەمەنێکی درێژتر دەبن و لەنێو ڕۆح و یادگەی خەڵکیدا دەمێننەوە، هەروەها خەڵکی زیاتر چێژیان لێوەردەگرێت و حەز بە دووبارەبوونەوەیان دەکات و لێیان بێزارنابێت، زمانی ئەو دەقانە زیاتر زمانێکی سادە و ساکار و میللییە، ئەویش بەهۆی ئەو بابەتە کەلەپور و فۆلکلۆرییانەی، کە لەنێو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەقەکانیان دەیمەزرێنن، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو دەقانە خاوەنی ئەو جۆرە زمانەن، لەوێش دووبارە ئەو خەسلەتە ڕەنگدەداتەوە، ئەو جۆرە دەقانە پڕن لە کەش و هەوای میللی و کۆمەڵایەتی و مەراسیم و کەشی ئاهەنگسازیی و گۆرانی فۆلکلۆری و میللی، ئەمەش وادەکات، کە جەماوەر هەست بە واقیعیەت و ڕاسگۆیی بکات و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و واقیعی تێکەڵ بە ڕووداوی نێو نمایشەکە ببێت و لەگەڵ ڕووداوەکان چرکە بە چرکە بەرەو کۆتایی بابەت و ڕووداوەکان بڕوات. ئەمانەش هەمووی بۆ هێز و توانا و سیحریەتی  کلتور دەگەڕێنەوە.

### 3.1 ڕەوتی سوودوەرگرتنی جۆرەکان ئەدەب و شانۆ لە کلتوور و فۆلکلۆردا

شانۆ یاخود دراما  چەندین واتا و پێناس و لێکدانەوە و ڕەهەند و بۆچوون دەگرێتەوە، دەتوانین بڵێین بەرفراوانترین واتا بریتییە لە وێناکردنی کردار و ڕەفتارەکانی مرۆڤ، بەڵام ڕووداو لە شانۆدا تەنها لەسەر جووڵە یان ئاکار و ڕەوشتی جەستەیی ناوەستێت، بەڵکو وێنای چالاکییە بیریی و دەروونییەکانیش دەگرێتەوە، کە ئەمانەش دەبنە پاڵنەرێك بۆ مرۆڤ، بۆ ئەوەی ڕەوشتێك بە ڕێگایەکی تایبەتی بنوێنێ، بۆیە (کرانەوەی مرۆڤ)، هەست و سۆز و بیرکردنەوەکانی بە شێوەیەکی گشتی دەگرێتەوە، لێرەدا ڕووندەبێتەوە، کە پێویستە هەر شانۆنامەیەك بەشێکی دیاریکراو لە کردەوەکانی مرۆڤ وێنابکات، کە نووسەر بۆخۆی هەڵیاندەبژێرێت و دەستنیشانیان دەکات، بۆ ئەوەی بیانخاتەڕوو و پێشکەشی بینەر و خوێنەریان بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت و وادەکات، کە ڕووداو لە هەر شانۆییەکدا جیاواز بێت لە شانۆییەکی دیکە، لەڕووی پەیام و ناوەرۆکدا، بەڵام لەو لاشەوە هەموو شانۆنامەکان لەڕووی بنیاتی ڕەگەزەکانی بنیاتی شانۆییدا هاوبەشن. (سرحان, 2000، 62) هەر لەو ڕوانگەیەوە شانۆ و دراما هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنیاندا، کە مێژوویەکی تەمووژاوی و نادیاری هەیە، تەنها لەو کات و سەردەمەدا ڕوون و دیارە، کە بە سەردەمی گەریك و یۆنانییەکان دەناسرێت، لەبەرئەوەی بەڵگەی بەرجەستە و جێماوی ئەو سەردەمە لەبەردەستدایە، هەر لەڕووی دەق و دەستور و هۆڵ و تەختەی نمایش و...هتد، بەڵام سەردەمانی بەر لە ئەوان ئەو شتانە نییە و لەبەردەستدا نییە، بۆیە هەمیشە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو ئەدەب و هونەرەی تایبەت بەو ژانرە دەگەڕێینەوە بۆلای گریکەکان و بەسەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی دادەنێن، جا ئەگەر ئاوڕێك لە شانۆ و تراژیدیاکانی ئەوکات بدەینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە هەموو نمایشەکانی سەردەمی گریگی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆرانی گوتن لەلایەن کۆرسەوە دەستیان پێدەکرد، ئەو گۆرانی و سرودانەش وەکو دەستپێك و چوونە نێو بابەت و کلیلی کردنەوەی دەرگای تراژیدییەکان بووە، هەروەها ئەو گۆرانییەی سەرەتا و دەستپێکی نمایشەکەش بۆ ئەوە نەبووە، کە نووسەر خاڵە جەوهەریی و گرنگ و بابەتە سەرەکییەکە بخاتەڕوو، یان خەڵکی ئامادەبوو یان بینەران لە بابەتەکەی بگات، مەبەستیان ئەوەیە، کە بینەران یان ئەگەر کەسێکی خوێنەر دەقەکە بەشێوەی خوێندنەوە بخوێنێتەوە، بە بیستن و خوێندنەوەی گۆرانییەکە لە ناوەرۆك و پەیامی بابەتی ناو دەقەکە بگات، بەڵکو ئەمە تەنها وەکو نەریتێکی نووسەرانی ئەو سەردەم یان نەریتێکی ئەو سەردەمی شانۆی گریکی بووە، هەروەها بۆ ئەوەش بووە، کە بینەر تێکەڵی داب و دەستوور و کلتور و فۆلکلۆری نەتەوەکەی بکات، چونکە هەموو دەقەکانیان لە ئەفسانە و حیکایەتە کۆنە فۆلکلۆرییەکان سەرچاوەیان گرتبوو، ئەمەش ناکرێت بەتەنها بە گۆرانییەك یان چەند گۆرانی و سرودێکی پێشەکی ئەو بابەت و کێشە ئاڵۆز و تێکچڕژاوانە بخرێنەڕوو، کەواتە یەکێك بووە لە تایبەتمەندییەکانی شانۆ و تراژیدیای ئەو سەردەم، کە زانا و لێکۆڵەر و هونەرمەند و نوسەرانی ئەمرۆش دەتوانن ئەو دەقانەی ئەو سەردەمی پێ بناسنەوە، پاشان وردە وەردە هەر لەلایەن خودی ئەو گەل و نەتەوەیە هەوڵدرا لە گرنگی کۆرس کەم بکرێتەوە و لەبەرامبەریشدا گرنگی زیاتر بە ڕۆڵی ئەکتەر درا و ژمارەی ئەکتەران لە یەکەوە بۆ دوو و پاشان بۆ سێ...تاد زیادکرا، بە شێوەیەکی پێچەوانەیی تا ڕۆڵی کۆرس کەمدەبوو ڕۆڵی ئەکتەر زیاتر دەبوو، بە هەمان شێوەش هەوڵدرا ئەو گۆرانیانەی سەرەتا لابرێن و گرنگی زیاتر بە ڕووداوەکان و گەشەی ململانێی نێو کارەکتەرەکان بدەن، بۆ ئەوەی خەڵکی لە ڕێگای دیالۆگ و نواندنی کەسێتییەکانەوە بچنە نێو ڕووداوەکان و لەو میانەیەوە تێکەڵی ببن.(فارجارس, دون سنة الطبع, 31)

سەرسامبوونی نووسەر و هونەرمەند و ئەدیبان بە کلتور و فۆلکلۆر بەردەوامی هەبووە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکەی دوای خۆی، نەك ئەو ڕۆحیەتە ڕەواجی کەم نەبووە، بەڵکۆ لە زۆر کاتدا لە سەردمێك زۆر زیاتر بووە لە سەردەمی پێش خۆی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ جادوو و جوانی و دەوڵەمەندی ئەو کەلەپور و فۆلکلۆر و کلتورە زیاتر دەرکەوتووە و شتی زیاتریان لەنێو هەناویدا دۆزیوەتەوە، ڕەمز و کۆد و هێماکانیان زیاتر بۆ ڕوونبۆتەوە و تێیگەیشتوون، بۆیە ڕۆمانییەکانیش کە لە دوای گریکەکان هاتوون و وەکو میراتگرێکی ئەو نەتەوەیەن و لە بواری ئەدەب و هونەر و زانستدا لاسایی شتە جوان و نایابەکانی ئەوانیان کردۆتەوە و لەوانەوە فێربوونە،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوانیش مەزراندنی کلتوری نەتەوەیی لەنێو شانۆ و ئەدەب بەگشتیدا بەردەوامیان بەو نەریتە داوە و زیاتر گەشەیان پێداوە، ئەو ڕەوتە بۆ سەدەکانی دوای لە دایکبوونیش بەشێوەیەکی بەرفراوان مایەوە و بەردەوامبوو، بەشێوەیەك هەموو دراما تراژیدی و دراما تێکەڵەکانی سەردەمەکانی پێش ڕێنیسانس و سەدەکانی ڕێنیسانس و دوای ڕێنیسانسیش بەزۆری سەرچاوەیان لە کەلەپوری میللی هەڵقوڵابوو، لە هەمان کاتدا پشتیشیان پێدەبەست، بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتی و نەمریی بە دەقەکانیان ببەخشن. هەر بۆیە یەکێك لە کەرەستە و سەرچاوەی بابەتەکانیان بریتیی بووە لە داستانە فۆلکلۆرییەکان، جا ئەو داستانانە مێژوویی یان خەیاڵی و ئەفسانەیی یان ئەو داستانانەی خاوەنی ناوەرۆکێکی ئایینی بوونە، کە هەر هەموویان لە گەوهەر و کرۆکیاندا یەکانگیر دەبن و یەکدەگرنەوە، بەرچاوترین نموونەش بۆ ئەم وتانە هەر دوو داستانە مەزنەکەی ( ئەلیادە و ئۆدیسە)ی شاعیری گەورە و مەزنی گریکی (هۆمیرۆس)ە، کە دوو داستانی شیعریی گەورە و مەزنی جیهانین، شاعیر لە سەدەی نۆیەمی پێش لە دایکبوون ڕێکیخستوون و هۆنیونیەتەوە، کە ئەویش لەسەرزاری خەڵکی بیستبوونی، پاشان هاتووە بەشێوازی خۆی دووبارە دایڕشتونەتەوە و ڕێکیخستونەتەوە، ئەم دوو شاکارە مەزنە بوونەتە دوو چاوگ و کانگای بەپیت و بەرەکەت و فەڕ بۆ ئاودانی بیری نووسەر و هونەرمەندان، بۆ ئەوەی بنیاتی دەقەکانیان لەسەر ئەو ڕەگ و ڕیشە کلتورییە دابمەزرێنن.، بۆ نموونە، یەکێ لە دەقە بەناوبانگەکانی کەڵە نووسەری گریکی (سۆفۆکلیس)، کە بەڕای ڕەخنەگرانی بواری تراژیدیا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ داستانی (حەوتەکەی دژ بە سیبە)، ئەو دەقەش تراژیدیای (ئۆدیبۆس بە پاشای)یە، هەروەها شانۆنامەی تراژیدی (پرۆمسیۆس)، کە یەکێکە لەو سیانەیەی نووسەری ناوداری گریکی (ئەسخلیۆس) نووسیویەتی، کە ئەویش لە داستانە دێرینەکانی گریك وەریگرتووە، کە ناوەرۆکەکەی لە بارەی خواوەندەکان و شارستانییەتەکانی ئەو سەردەم دەدوێت، کە بە داستانێکی ئایینی گریکی دادەنرێت، هەروەها دەقی تراژیدیای (ئۆرستاش) هەر بۆ لایەنێکی ناوەرۆکی داستانی (ئەلیادە) دەگەڕێتەوە، بەڵام ناوەرۆکی تراژیدیاکە باس لە دوای کۆتایی شەڕ و تەواوبوونی شەڕە گەورەکەی (تەروادە) دەکات، کاتێك شەڕ کۆتایی دێت و سوپاکان بۆ وڵات و زێد و ناوچەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە، (ئاگامەمنوون)یش وەك سەرکردەیەك لە شەڕی تەڕوادە دەگەڕێتەوە، لەگەڵ خۆیشیدا کچی پاشا (پریام) و خوشکی پاڵەوانی بەناوبانگی ئەو شەڕانە (هیکتۆر) بەتاڵانی و وەکو دەسکەوتی شەڕ دێنێتەوە. ئەم تراژیدیانە بە چەندین  کەش و هەوا و تەقس و بابەتی کلتووری و کۆمەڵایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەست کرابوون و ڕازینرابوونەوە، وەکو ئاهەنگە ئایینی و نیشتمانی و نەتەوەییەکان، لەڕووی دارشتن و کێشیش بە جۆرێك بوون، کە لەگەڵ جۆر و باری سەما و هەڵپەڕکێی بە کۆمەڵدا بگونجێ و یەکبگرێتەوە. (سالار، 2007, 64, 101) یەکێکی دی لە خەسلەت و تایبەتمەندییە جوان و ڕەسەنەکانی بابەتەکانی فۆلکلۆریی بریتین لە زمانی ئەو دەقانە، زمانی ئەو دەقە کلتووریانە بەشێوەیەکە، کە هەڵگری ڕەسەنایەتی و چێژ و جوانی و ڕەوانبێژی و قوڵی و فراوانی واتا و دەلالەتی جۆراوجۆر و ڕەمز و...هتد، لەخۆدەگرێت، هەروەها لەڕووی تێگەیشتنیشەوە بەشێوەیەکە، کە زۆربەی زۆری خەڵکی و چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ تێیدەگەن و لێی حاڵی دەبن، چونکە زمانێکی میللی و گشتی سادە و ساکار و ڕەوانی هەیە، ئەم خەسڵەتەی فۆلکلۆر وایکردووە، کە بابەتەکانی فۆلکلۆر تێکەڵ بە ژیانی میللی ببن.

هەموو ئەو شتانەی باسکران سەلمێنەری ڕاستگۆییە لەنێو ئەدەبی فۆلکلۆریدا، لەڕووی گوزارشتکردن لە کۆمەڵ و ژیانی گشتی و ئابووری و ڕامیاری و کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەروەها زمان توخمێکی سەرەکی و بنەرەتی بابەتە فۆلکلۆری و کلتورییەکانە، هەرگیز ناتوانرێت ڕۆڵی لە گێڕانەوە و ڕێکخستن و گواستنەوەی بابەتە کلتورییەکاندا فەرامۆش بکرێت، هەر بۆیە هەموو داستان و بەیت و دەقەشانۆییە کلتوری و مێژووییە کوردییەکان بەزمانێکی ڕەسەن و پاراوی کوردی ڕێکخراون و گێڕدراونەتەوە، دەتوانین وەکو خەزێنەیەکی گەورە و دەوڵەمەند و پڕبایەخ سەیریان بکەین، لەڕووی پاراستن و ڕزگارکردنی وشە و زاراوە ڕەسەنە کوردییەکان، هەروەها لەڕووی پشتبەستنی ئەدیب و نووسەران و زمانەوانان و نەوەی نوێ بەو خەزێنە دەوڵەمەندە. هەر لەبەر ئەوەشە، کە زمانی میللی لە نێو ئەدەبی فۆلکلۆریدا زۆر بە گرنگ دادەنرێت، چونکە بەکارهێنانی زمانی میللی لەنێو ژانرەکانی فۆلکلۆریی و دەقی شانۆیی و هۆنراوە فۆلکلۆرییەکاندا، توانایەکی گەورە و سیحری بە دەقەکە دەبەخشێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی و بێ گرێوگۆڵ لە پەیام و ناوەرۆك و مەبەستەکەی بگەین، لە لایەکی دیکە دەبێتە مایەی ئەوەی، کە خەڵکی زووتر بتوانن دەقەکە لەبەربکەن، هەروەها گرنگترین شتیش ئەوەیە، کە کردەی گواستنەوە و دەستاودەستکردن و پشتاوپشتکردن لەنێو خەڵکیدا بەشێوەیکی زۆر بەرفراوان دروستدەکات.(شبر، 1995, 18, 19) دیارە هەرکارێکیش ئەمجۆرە خەسڵەتانەی هەبێت زیاتر لەنێو ناخی جەماوەردا ڕۆدەچێت و شوێن پێی خۆی لەنێو چینە جۆراوجۆرەکاندا دەکاتەوە، هەر دەقێکی شانۆیش، کە پشت بەو خەسڵەتە کەلەپوریانە ببەستێت و زادەی ئەو ئەدەبە بێت، ئەوا دەبێتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مایەی ئەوەی، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن بینەری شانۆوە پێشوازی لێبکرێت و خۆیانی لەنێودا ببیننەوە و واهەست بکەن، کە باس لە کێشە و مەینەتی و ئێش و ئازارەکانی ئەوان دەکات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی، کە دەقە فۆلکلۆریی و کەلەپوورییەکان تیایدا لەدایکبوونە، وای لێکردوون، کە ئەو ژانرانە لەنێو هەموو نەتەوەکاندا ببنە خاوەنی ناوەرۆکێکی واقیعی، واش مەزندە دەکرێت، کە ئەو ئەدەبە فۆلکلۆرییە هەر لە سەردەمی (گۆرانی شوانکارەیی) پەیدابووبێت، واتە پێش قۆناغی کشتوکاڵی، کۆنترین جۆری فۆلکلۆریش بریتییە لەو داستانە پاڵەوانێتییانەی سەردەمی قۆناغی دەرەبەگایەتی و چەندین بابەتی فۆلکلۆریی دیکە، کە بۆ سەردەمی کشتوکاڵی دەگەڕێنەوە، چەندین گۆرانی کشتوکاڵی ئەو سەردەمانەمان بەدەست گەیشتوون، هەموو ئەوانەش ڕوخسار و ناوەرۆکێکی گشتگیری و سروشتێکی داهێنەرانەی وێناکردنی هێزی گەل پیشاندەدات، کەواتە گەل بریتییە لە فۆلکلۆر و خۆی سەرچاوەیەتی، لەمیانەی ئەو فۆلکلۆرەدا ڕەنگدانەوەی ژیانی گەل و وێنەیەکی ڕاستگۆیانە بەدی دەکرێت، هەروەك (گۆرکی) دەڵێت: (( گەل یەکەم فەیلەسوف و شاعیر و دروستکەر و داهێنەرە، هەر ئەوە دروسکەری هەموو ئەو ڕۆشنبیرییە جیهانییە، لە هەڵبەست و داستان)) (رسول, 2010, 26) و حیکایەت و ئەفسانە و پەند و دابونەریت و کلتور و...هتد، کاتێك میللەت خۆی داهێنەری هەموو ئەو ئەدەب و هونەر و کلتورەیە، شتێکی زۆر ئاسایشە، کە بەرهەمی بیری و هێزی جەستەیی خۆی بۆ خزمەتی خودی خۆی بەکاربهێنێت و لەپێناوی گەشەسەندن و پێشکەوتن و چاکسازی کۆمەڵدا بیخاتەوەگەڕ.

### 2. 1 ڕۆڵی فۆلکلۆر و کلتور لە بەکۆمەڵایەتیی بوونی دەقەکاندا

هەموو دەقێکی شانۆیی بەوانەی لە کلتور و فۆلکلۆرەوە سەرچاوەیان گرتووە و بەوانەشی بەری ڕەنجی خەیاڵ و داهێنانی بیری خودی نووسەرەکەیەتی، هەموویان لەپێناو ئاراستەکردنی پەیامێکی مرۆڤایەتی و چاکسازی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئابوری و ئاییی و...هتد، بەرهەمهاتوون، ئەگەر ئاوڕێك لە ناوەرۆکی دەقە شانۆییەکانیش بدەینەوە لە کۆنترین سەردەم تا ئەم ساتەوەختەی ئێستا تێیدا دەژین، هەموویان ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدا بەدیدەکرێت و لەپێناو خزمەتکردنی ژیانی مرۆڤایەتی بەرهەمهاتوون، کەواتە " ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی هەر لە سەردەمی لەدایکبوون و سەرهەڵدانییەوە وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەیری کراوە یان بەدەزگایەکی کۆمەڵایەتی چوێندراوە، لە کۆمەڵگای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواکەوتوو یان سەرەتایی، واتە کۆمەڵگای سادە، هەندێك جار زۆر زەحمەت بووە یان زەحمەتە جیاوازی لەنێوان شیعر و مەراسیمی ئایینی یان کۆمەڵایەتی یان شیعر و ئەفسانە، شیعر و کار، شیعر و یاری.." (عومەر, 2006, 118) دا بکەین، کاریگەریی ئەدەب و کۆمەڵ لەسەر یەکدی بەشێوەیەکە، کە زۆر لە زانا و نووسەرانی سەرسام کردووە، تا ئەو ئاستەی نووسەرێکی داهێنەری وەکی (مەدام دواستاڵ) بەهۆی کاریگەریی ئەدەب لەسەر کۆمەڵ و بە پێچەوانەشەوە حەپەساوە، بۆیە دەیەوێت ئەو کارتێکردن و کارلێکراوە دوولایەنەیە بەشێوەیەکی زانستی بخاتەڕوو، لەو بارەوە دەڵێـت: " من دەمەوێت کارتێکردنی ئایین، داب و نەریت و یاساکان لەسەر ئەدەبیات و لەبەرامبەریشدا کارتێکردنی ئەدەبیات لەسەر ئەوان بخەمە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە" (پیت, 1999, 57). دیارە هەر شتێکیش بچێتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە، ئەوە سەلمێنەری ئەوەیە، کە ئەو دیاردەیە بۆتە جێگای مشتومڕ و تێڕامان و لەسەروەستانی خەڵکی ئەکادیمی، ئەوە دیسان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە ژانرەکانی ئەدەب و کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی یەکدین و گوزارشت لە یەکدی دەکەن، جێگای گومان و مشتومڕ نییە، کە زۆر کەسایەتی و پاڵەوان و بابەتی نێو ژانرە ئەدەبییەکان لە نێویشیاندا بەتایبەتی دەقە شانۆییەکان لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە بوونەتە مایەی لاسایکردنەوە و چاولێکردنیان، هەتا ناوی هەندێك لەو کەسایەتییانە ئەوەندە خۆشەویست یان نەفرەتلێکراون، کە کەسانی خۆشەویستن و ڕۆڵەکانیان بەناوی ئەوانەوە دەکەن و ئەو کەسانەی ڕقیشیان لێدەبنەوە بەناوی کەسایەتییە خراپەکان ناویان دەبەن، باشترین نموونەش کەسێتی (بەکر مەرگەوەر و خانی لەپزێڕین)ە، کە یەکەمیان نموونە و نوێنەری کەسێتی نەرێنی و قێزەونە، کە لە کۆنترین سەردەمانی زووەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ وەکو کەسێتییەکی ناحەز لە نێو کلتوری کۆمەڵی کوردەواریدا ماوەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی بۆتە نموونەی کەسانی تێکدەر و دووزمان و نەرێنی، بەڵام کەسێتی دووەم بۆتە نموونەی کەسێتی ئەرێنی و ئازا و چاونەترس و چاکەخواز، هەمیشە هەوڵیداوە هەرچی دەسەڵات و سەروەت و سامان و هێزی تایبەتی خۆی هەیە، بیخاتە خزمەتی گشتی و لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا خۆی بکاتە قوربانی و هەرگیز بیر لە بەرژەوندی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی نەکاتەوە، بۆیە کەسێتییەکەی بۆتە نموونەی کەسی ئەرێنی، ئەو کەسێتییانەش لەنێو هەموو جۆرەکانی ئەدەب و واقیعی کۆمەڵدا ڕەنگیانداوەتەوە، ئەوە وەکو نموونە ئەگینا هەموو ئەو داستان و حیکایەت و دەقەشانۆییە کوردییانەی پشتیان بە سەرچاوەی فۆلکلۆری و کلتوری و مێژوویی بەستووە، بێبەش نین لەو جۆرە کەسانە، ئەمەش بۆ ئەو هێز و خەسڵەتە

بێوێنە و دەگمەنانەی پاڵەوانی نێو دەقە شانۆیی و داستان و حیکایەت و ئەفسانەکان یان پاڵەوانی ڕاستەقینەی نێو کۆمەڵ دەگەڕێتەوە، چونکە پاڵەوان تاکێکی تاك و تەنیایە لەو سیفەت و ناو و ناوبانگ و دەسکەوتانەی دەدرێنە پاڵی و هەڵیدەگرێت، هەر بۆیە مافی خۆیەتی و لەسەر گەلەکەشی پێویستە، کە گەورەی بکەن و ڕێزی لێبگرن و پلە و پایەی بەرزبکەنەوە، لەنێو خۆیاندا هەموو کات باسیبکەن، ئەگەر کات و سەردەمیش بەسەریدا تێپەڕێت، ئەگەر پاڵەوان لەچوارچێوەی مێژوو و واقیعیش چووە دەرەوە، کە زۆرجار گومان لە بوونی دەکرێت، لەسەر زاری خەڵکە گشتییەکەوە لەمیانەی ئەو حیکایەتانەی باسی ڕۆژگار و لێقەومان و ماوەی ژیانی ئەو خەڵکە کۆنە دەکرێت و بەشێوەیەکی گەورەکراو پیشاندەدرێن، وەکو پاڵەوانی ئەفسانەیی و خەیاڵی نێو داستانی شانامەی فیردەوسی (ڕۆستەم، ڕۆستەمی زاڵ، ڕۆستەم و سوهراب) کە بەڕای زۆر لە شارەزایان لە بنەچەدا کوردبوونە، بەهۆی ئەو هێز و توانا بێسنوور و لە ڕادەبەدەرەی پاڵەوان و کارکردنی لەپێناو نەتەوەکەی بەتایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی، بۆتە جێگای ڕێز و خۆشەویستی هەموو لایەك، بەمەش سەردەم دوای سەردەم بە تێپەڕینی کات گۆڕان و گەشە لە هەواڵی ئەو پاڵەوانە ڕوودەدات، هەروها خەڵکی گشتی (عەوام) هەر لە سروشتی دروستبوونیاندا ئارەزووی ئەوەیان هەیە، کە شتی ئەستەم و محاڵ باوەڕبکەن و ئەو شتانەش وەردەگرن، کە لە خەون و خەیاڵ و ئەندێشەوە هاتوون. (مجيب, دون سنة الطبع, 200) ، بەپێچەوانەشەوە زۆر کاری ئەدەبی و دەقی شانۆیی و ڕووداو و کەسایەتییەکانی لە واقیعی نێو کۆمەڵ وەرگیراون و لەنێو دەقەکاندا مەزرێندراونن, هەر بۆیە ئەو جۆرە دەقە بنیاتنراوانە لەسەر بنەمای کلتوری نەتەوەیی، ئەوا هەڵگری سیمای ئەو نەتەوەیە، چونکە " هەموو دەقێکی فۆلکلۆری هەڵگری ئایدیال و چۆنێتیی بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە بەرهەمی دێنێ، کۆمەڵگەکانیش بەدەوری خۆیان مەودای پەیوەندییەکانیان بە بەکترەوە، سروشتی خاك و چۆنێتیی ژیان لەو خاکەدا، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ژیان و بیرکردنەوەیان هەیە" (ئەحمەد، 2008، 727).

کەواتە هەردوولایەن لە مامەڵە و پەیوەندییەکی بەردەوامی پۆزەتیف دان و بە بەردەوامی سود بە یەکدی دەگەیەنن و شت لە یەکدی وەردەگرن، هەر بۆیە (ڤلادیمێر ژدانۆف) دەڵێت:"دەبێ ئەدەبیات لە پێوەندییەکی جیانەبۆوە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها لەسەر بنچینەی ژێرخانی ئەو هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانە لەبەرچاو بگرین، کە شوێنیان لەسەر نووسەر داناوە." (پیت, 1999، 57)، لەمەوە تێدەگەین، کە ئەدەب بەگشتی و دەقی شانۆیی وەکو ژانرێکی ئەدەبی ڕۆڵ و ئەرکێکی گرنگ

و گەورە دەگێڕێت لە ناساندن و گواستنەوەی کەلەپور و فۆلکلۆر و کلتووری نەتەوەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەشێوەیەك، کەوا لە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو دەکات، کە شارەزایی و ئاگاییان لە ڕابردووی مرۆڤایەتی بە گشتی و نەتەوەکەی خۆیان بەتایبەتی هەبێت، دەزانن، کە چۆن ژیاون و مێژووی ڕابردوویان چۆن تۆمارکراوە،بۆ نموونە لێکۆڵەرانی کورد دەتوانن سوود لەو کلتوورە دەوڵەمەندەی نەتەوەکەیان وەربگرن و بەهۆیەوە لە رابردووی نەتەوەکەیان بگەن، چونکە" کۆمەڵناسەکان دەتوانن بە ناوتوێکردنی هەموو ئەو بەسەرهاتاتەی کە لە رشتەی مرواریدا هاتوون، لە شێوە و باری ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد لە رابردوودا ئاگاداربن، دەتوانن لەوێوە بزانن کورد چۆن ژیاوە" (فەلاح، 2008، 298). ئەمەش وادەکات، کە دەرس و پەند و عیبرەت لە هەڵە و خەوشەکانی ڕابردوو وەربگرن و هەوڵبدەن جارێکی دیکە دووبارەی نەکەنەوە و دووبارە کەسی دیکە باجی ئەو هەڵانە نەداتەوە، هەروەها پەیڕەوی لایەنە باش و گەشاوە و ئەرێنییەکان بکەن و شانازی پێوەبکەن. لە بارەی ئەرکی ئەدەبیات (تۆماس وارتن) پێیوایە کە "...ئامانجی سەرەکی ئەدەب ئەوەیە بە دڵسۆزی کارەکتەر و کەسایەتی سەردەمێك تۆماربکات و نوێنەرایەتی داب و نەریتی کەسان و کۆمەڵان بپارێزێ، کە سەرنجراکێشە و لەهەمان کات باشترین دەربڕینە..." (عومەر, 2006، 122).

## 2 . 2 سەرهەڵدانی شانۆی نووسراوی کوردی و کلتوور و فۆلکلۆر

سەرهەڵدانی شانۆی تراژیدی یان (تراژیدیا) دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش لەدایکبوون، کە لە وڵاتی گریك و لەسەردەستی نەتەوەی گریکییەوە سەریهەڵداوە، پاش ئەوەی کە نزیکەی سەد ساڵ بەسەر ئەو لەدایکبوون و سەرهەڵدانەدا تێدەپەڕێت، ئەو ژانرە ئەدەبییە نوێیە زیاتر گەشەدەکات و پێشدەکەوێت و فراون دەبێت، ئەو پێشکەوتنەش دوای ئەوە هاتووە، کە زانای بەناو و دەنگی گریکی (ئەرستۆ)، هەستاوە بە دانانی داب و دەستوور و یاسا و ڕێسا و بنەما بۆ ئەو ژانرە ئەدەبی و هونەرییە، لە دووتوێی کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا بە ناوی (هونەری شیعر) یان (پۆیەتیکا)، (کە دەڵێین ئەدەبی و هونەریی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یاساکانی (ئەرستۆ) بۆ هەردوولایەنی نووسین و نمایشی تراژیدیاکان بوونە، لەبەرئەوەی پرۆسەی نووسین و دەقی تراژیدیاکە دەچێتە چوارچێوەی بواری ئەدەبییەوە، بەڵام پرۆسەی نمایشکردنی ئەو دەقانە لەسەر تەختەی شانۆ ئەوا دەچێتە قۆناغێکی دیکە، کە ئەویش بواری هونەرییە، هەرچەندە لەو کات و سەردەمەدا بەزۆری وا باوبووە، کە نووسەرەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆخۆیان دەبوونە دەرهێەری دەقەکانی خۆیان، کە ئەمەش زیاتر خزمەتی کارەکانی دەکرد، چونکە زۆر شت هەبووە زیاتر بۆخۆی تێیگەیشتووە و توانیویەتی لە قۆناغی نمایشدا ڕوونی بکاتەوە پیشانی بدات)، کە دەشڵێین ژانری نوێ لەبەر ئەوەیە، چونکە پێش تراژیدیا ژانری دیکەی ئەدەبی لە مەیداندا هەبووە، کە داستان و شیعریی لیریکی بوو، کەواتە سەرهەڵدان و لەدایکبوونی تراژیدیا دەکەوێتە دوای شیعری لیریکی و داستانەکان و دەبێ ئەوەش بزانین، کە ئەو دەقە تراژیدییانە بەزۆری پشتیان بە ڕوداو و پاڵەوانی مێژوویی و کلتوری بەستبوو.

لێرەدا دەمانەوێت ئاوڕێک لە سەرهەڵدان و لەدایکبوونی دەقی شانۆی کوردی و تراژیدی کوردی بدەینەوە و هەڵوەستەی لەسەر بکەین، بزانین تاچەندە ئەو داب و دەستور و بنەمایانەی تێدا ڕەچاوکراوە، دیارە کە بەرلەوەی دەقی نووسراوی شانۆی کوردی لەدایک ببێت، بەجۆرێک لە جۆرەکان شێوەیەک لە نمایش و شانۆ هەبووە، کە لە بۆنە و مەراسیم ئاهەنگەکاندا نمایشکراون، بەڵام دەقێکی نووسراوی ئەو نمایشانە لەبەردەسدانییە و تەنها بۆ ئەوکات و نمایشە ئامادەکراون، دیارە ئەو نمایشانەش هەردوو جۆرەکەی لەخۆگرتووە، (تراژیدی و کۆمێدی)، بەڵام شێوە کۆمێدییەکە زاڵتربووە، چونکە زیاتر بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بووە، بەڵام کاتێك یەکەم دەقی شانۆیی نووسراوی کوردی لەدایک دەبێت، ئەو دەقە زیاتر لە شێوازێکی تراژیدی خۆی دەردەخات و پشتیش بە کلتووری کوردی دەبەستێت و ئاوڕ لە مێژووی کۆن دەداتەوە، ئەو دەقەش لە ساڵی 1919 لەلایەن (عەبدولرەحیم ڕەحمی هەکاری)یەوە نووسراوە، لە گۆڤاری ژین لە ئەستەمبۆڵ، بەناوی(مەمێ ئالان) بڵاوکراوەتەوە، هەر لە ناونیشانی دەقەکەدا بەدیاردەکەوێت، کە ڕوداو و پاڵەوانێکی مێژوویی و کلتوری کوردی وەبیر خوێنەر و بینەری دێنێتەوە، هەرچەندە هیچ پەیوەندی بە داستانی مەمی ئالانی فۆلکلۆرییەوە نییە، پێدەچێ زیاتر بۆ ڕەواجدان بێ بە پاڵەوان و ڕوداوەکە و وەبیرهێنانەوەی ئەو بابەتە کلتووری و مێژووییە بێت، کە باس لە ماڵێکی کوردەواری دەکات، کە ژن بۆ کوڕەکەیان دەگوازنەوە، بەڵام هەر لەو ڕۆژەدا شەڕ ڕودەدات ئەویش وەکو ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی بۆ شەڕەکە دەچێت و بووکی تازە بەجێدەهێڵێت، دوای ئەوەی ماوەیەکی پێدەچێت و هیچ هەواڵێکی نابێت، شەوێک بەدرەنگانەوە دەگەڕێتەوە بێ ئەوەی کەسێک لە ماڵەوەیان ئاگاداربێت و ئەویش کەس خەبەر ناکاتەوە و ئاگاداریان ناکات، یەکسەر دەچێتە ژێر لێفەی ژنەکەی و دەخەوێت، چونکە زۆر ماندووی ڕێگا بووە، کاتێك دایکی خەبەری دەبێتەوە دەبینی کەسێک لەگەڵ بووکەکەی خەوتووە، ئەویش وادەزانێت، کە بووکەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خیانەتی کردووە، بۆیە بە بێدەنگی دەچێت خەنجەرێک دێنێ و کەسە خەوتووەکە دەداتە بەر خەنجەران، کاتێك لێفەکە لادەبات دەبینێ ئەوە مەمۆی کوڕیەتی، جا لێرەدا دیمەنی تراژیدیاکە دەگاتە چڵەپۆپە و دایک و بووکەکە دەستدەکەن بە شین و ڕۆڕۆ و لاواندنەوە و پیاهەڵدان بەشێوەیەکی تراژیدییانە.

چاڤرەش: هان بۆ تە زەڕبا ناموسێ، ئەی جاناوەرێ ناموسێ.

مەمۆ: ئاه....دادێ..

غەزال: (هەمان هشیار دبت، رمێ د سینگێ مەمۆ دبینت، دبێژتە خەسیا خۆ) وای تە چاڤێ خوە کۆر کر ( ل ناڤ سەرێ خۆە ددت).

غەزال و چاڤرەش: (هەردوو دگەل یەك ب ئاهەنگ)

هەرێ مەمۆ، مەمێ ئەباسی، ئەباسی

بریندارۆ مەمۆ، دایێ کۆر بت، نەناسی!) (پیرباڵ، 2002، 142، 143). لێرەدا بەتەواوی تێکەڵی داب و نەریت و کلتور و فۆلکلۆری کوردی دەبێت و مەراسمی شین و نەریتی کوردی ڕەنگدەداتەوە. هەروەها دوای ئەوە پیرەمێردی شاعیر دێت و چەند دەقێکی وەکو ( مەم و زین 1932، مەحمود ئاغای شیوەکەل 1936، شەریف هەمەوەند (1937) دەنووسێت و بڵاویاندەکاتەوە، کە هەر هەموویان لە ڕوداوەکانی مێژووی کوردی وەرگیراون و ڕوخسار و ناوەرۆکێکی تراژیدییان هەیە و سودی لە مێژوو و کەلەپور و فۆلکلۆر وەرگرتووە. دیارە فۆلکلۆر و کەلەپووری بۆ تازەکردنەوەی ئەدەبیش رۆڵ دەبینێت و کاریگەری هەیە، هەروەك چۆن پیرەمێرد لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی کە رۆڵی هەبوو کارەکانی لەسەر بنەمای فۆلکلۆر بەرهەمهێنا " بۆیە لەگەڵ گەڕانەوەیدا بە نووسینی درامای هونەری تازە لەسەر بنچینەی فۆلکلۆر و کەلەپووری میللی و بەکارهێنانی کێشی پەنجەیی و بەکارهێنانی زمانێکی کوردی دوور لە وشەی بێگانە...ئەمانە هەموو لە سیماکانی تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی کوردی (پیرەمێرد)ن " (حوسێن، 2007، 110). هەروەها یەکێکی دیکە لە دەقە سەرەتاییەکانی شانۆی کوردی بریتییە لە شانۆیی (هەڤەند)ی (میر جەلادەت عالی بەدرخان)، کە لە ساڵی 1933 لە ژمارە(20)ی گۆڤاری (هاوار) لە شام بڵاوکراوەتەوە، کە دەقێکی مێژووییە و باسی مێژووی خەباتی سیاسی و واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەی کورد لە بەشی باکوری کوردستان دەکات، دیارە ئەو دەقەش ناوەرۆکێکی تراژیدی هەیە، چونکە باس لە مەرگەسات و ڕوداوە تراژیدییەکەی شۆڕشی ئاگری داغ دەکات، ئەگەر سەرپێیی

ئاوڕێک لەو دەقە نوسراوانەی شانۆی کوردی بدەینەوە ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە هەموویان پشتیان بە مێژووی نەتەوەکەمان و بە دابونەریت و کلتور و فۆلکلۆر و مەراسیم و لایەنی ڕۆحی و دەروونی و...هتد نەتەوەکەمان بەستووە، بۆ نموونە هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان چینەکانی نەتەوەکەمان لە پێناوی بەرەنگاری و ڕووبەڕوبوونەوەی دوژمنان، هەروەها ڕۆڵی ژنی کورد و هاوکاری کردنی باوک و برا و هاوسەرەکەی لە کاروباری ڕۆژانە و مەیدانی شەڕ و بەرخوداندا، هەروەها نەفرەتکردن لە خیانەت و خیانەتکاران، ئەمانە هەموویان خوو و نەریتی کوردانن و لەو دەقانەشدا ڕەنگیانداوەتەوە، بەوەش شانۆ دەبێتە ڕەنگدانەوەی کلتوور فۆلکلۆری نەتەوەکەمان، دیارە ئەوەش خەسڵەتی فۆلکلۆرە هەر وەک (دکتۆ عێزەددین مستەفا)دەڵێت: دەتوانین بڵێین کە فۆلکلۆری کوردی، زۆر شتی لە ڕوخساری ژیانی گەلی کورد بۆ پاراستوین، گەلی کورد داهێنەری فۆلکلۆرەکەیەتی و زۆر لە ڕوخسارەکان و تایبەتمەندییەکانی خۆی ڕژاندۆتە نێو ئەو فۆلکلۆرە، وەکو ڕاستگۆیی و پیاوەتی و ڕووداوە گەورەکانی لە ژیانیدا ڕوویانداوە، ئەو ئەدەبە فۆلکلۆرییە بناغەیەکی پتەوی دامەزراندنی ئەدەبی هاوچەرخی کوردییە، شاعیرە واقیعییەکانی کورد لە شێوە و شێوازە فۆلکلۆرییەکان و کێشی داستانەکان و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان و جوانی زمانی پەندەکانی پێشینان وەرگرتووە و گوزارشتی پێکردوون و بەکاریهێناون لە ئەدەبە نووسراوەکەیدا.(رسول, 2010، 27) لە قۆناغی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی سودێکی زۆر لە فۆلکلۆر و کەلەپوور وەرگیراوە، دوای گۆرانی شاعیر و هاوڕێکانی شێرکۆ بێکەس بۆ مەزراندنی دەقە ئەدەبییەکانی سوودی لە فۆلکلۆر وەرگرتووە، لەوانە لە شانۆنامەکانی دوو سرودی کێوی و لە دیوانی دەربەندی پەپوولە, کە لە ساڵی 1991 چاپی کردووە و چەندان وێستگەی شانۆی لەخۆگرتووە، واتە لەدایکبوونی شانۆی نووسراوی کوردی شێوازێکی تراژیدیی هەبووە، بەوەش خۆی لەگەڵ شانۆی جیهانی دەگونجێنێت، جا ئەو لێکچونە بەرێکەوت یان بە پلان و مەبەست بووبێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، کە شانۆی نووسراوی کوردیش وەکو شانۆی جیهانی بە تراژیدیا و هەڵقوڵاوی کولتورەکەمان لە دایکبووە. تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێش لەو دەقە شانۆییە سەرەتاییانە ئەوەیە، کە هەموویان بەناوی پاڵەوان یان کەسێتییەکانە، (مەمێ ئالان) ناوی پالەوانی سەرەکی دەقەکەیە، (مەم و زین) بەناوی هەردوو پاڵەوانە سەرەکییەکەیە، (مەحمود ئاغای شیوەکەل) بەناوی پاڵەوانی مێژوویی و سەرەکی ڕووداو و دەقەکەیە، (هەڤەند) بەناوی یەکێک لە کارەکتەرە مێردمنداڵەکانی نێو دەقەکەیە.

گومانی تێدانییە کە هەموو بابەت و دەقێکی ئەدەبی کۆن و نوێ پەیامێك لەخۆدەگرێت و لەپێناو خستنەڕووی مەبەستێکە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە هەموو دەقێکی شانۆی تراژیدیش لە پەیامێك پێکدێت، ئەو پەیامەش وێنای دەقێك لەخۆدەگرێت، کە گوتارەکەی لە سەر بنیاتنراوە، کە پێویستە بەشێوەیەك بێت، کە بتوانرێت شیکردنەوەی لەسەر هەموو ئاستەکان بۆ بکرێت، وەك ئاستی شێوازگەریی و ئەدەبی و واتایی و زمانی و...هتد، بەشێوەیەکی گونجاو و لۆژیکی، بەڵام هێشتا ناتوانرێت بە تەواوی لەو دەقە بگەین، ئەگەر ڕەچاوی ژینگە و ئەو دەوروبەرە نەکەین، کە لێوەی دروستبووە، چونکە ئەو دەوروبەرە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی دەقەکە. دەقە شانۆییە کوردییەکانیش خاوەنی گوتار و پەیامی خۆیانن و لەپێناو ئامانج و مەبەستێک نووسراون و نمایشکراون، وەکو پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئایینی و کۆمەڵایەتی، کە پەیامە نیشتمانییەکە هەوڵدەدات ڕۆحی وڵاتپارێزی و خۆشەویستی کوردستان لە دڵ و دەروونی هەموو تاکێکی ئەو نەتەوەیەدا بچێنێت و هانیانبدات هەرگیز خیانەت لە کوردستان نەکەن و هیچ کاتێك نەچنە بەرەی داگیرکەر و دوژمنان، هەروەها پەیامی نەتەوەیشی ئەوەیە، کە هەموو کات شانازی بە نەتەوەکەی خۆی بکات و نەتەوەکەی خۆی بەکەمتر لە نەتەوەکانی دیکەی جیهان نەزانێت و مافێکی شەرعی و یاسایی و سەرەتایی خۆیەتی، کە وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان خاوەنی کیانی خۆی بێت، هەروەها پەیامە ئایینییەکەش ئەوەیە، کە دەبێت شانازی بە ئایین و بیروباوەڕەکەمان بکەین و لەو پێناوەدا گیانمان ببەخشین، لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە چەندین داب و نەریتی کوردەواری و کلتووری جوان بە نەوەی نوێ دەناسێنێت و هەوڵدەدات کە بەزندوویی بیانهێڵێتەوە و دەستبەرداری خوو و نەریت و کلتوورە ناشیرینەکانیش بێت خۆیانی لێ بەدووربگرن.

## 3 سەرهەڵدانی شانۆی نووسراوی کوردیی و ڕووداوی مێژوویی و کارەساتبار

لە کوردستانیش دوای ئەوەی، کە شانۆی نووسراوی کوردی بەشێوەی تراژیدی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دەستی پیکرد، ئەو شێوازە پاشەکشێی نەکردووە و لە سی و چل و پەنجا و شەستەکانی هەمان سەدەدا بەردەوامی هەبووە و چەندین دەقی تراژیدیمان بەرچاودەکەوێت، کە باس لە کێشە و نەهامەتی و دەردەسەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلەکەمان لەو سەردەمەدا دەکات، وەکو شانۆییەکانی (زۆرداری تاوانبار) نووسینی (فوئاد عیززەت)، (بیری ئازادی

ڕێگەی ڕزگارییە) نووسینی (ا.ب. هەوری)، (ڕووخان) نووسینی (مستەفا نەریمان)، (دوارۆژی زوحاکی زۆردار) نووسینی (زەکی ئەحمەد هەناری)، (بووکی پەردە) نووسینی (عەبدولرەزاق بیمار)، (کچی کوردستان) نووسینی (خەیروڵلا عەبدولکەریم)، (شەڕی قادسییە) نووسینی (زەکی هەناری)، (گوڵی خوێناوی) نووسینی (گۆران)، (گلکۆی تازەی لەیل) نووسینی (ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرە)، (تاوان و تۆڵە) نووسینی (نوری وەشتی)...تاد، ئەو دەقانە و چەندینی دیکە نووسراون و لە شار و شارۆچکە جیاجیاکانی کوردستان نمایشکراون، کە هەموویان ناوەرۆکێکی کارەساتبار و تراژیدی لەخۆدەگرن، کە ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە تراژیدیا بوارێکی بەرفراوانی لە شانۆی کوردی داگیرکردووە.

لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم، کە شانۆ لەڕووی دەق و نمایش و نواندن و دەرهێنانەوە هەنگاوێکی گەورەی ناوە، هەتا ئەوەی بەڕای هەندێک لە پسپۆرانی شانۆ بە دەسپێکی فیعلی شانۆی کوردی دادەنێن، هەر لەو سەدەیەدا چەند هونەرمەندێکی شانۆکاری کورد بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی دێنە ناو بواری شانۆ و خوێندنی ئەکادیمی تەواودەکەن، لەو زەمەنەشدا تراژیدیا مەیدانەکەی چۆل نەکردووە و بە توندی پێی خۆی چەقاندووە و ماوەتەوە، بۆنموونە ئەو دەقانە وەڵامدەرەوەی ڕاستی ئەو ڕایەن، (کاوەی ئاسنگەر-1971) نووسینی (شێرکۆ بێکەس)، (داسەکەی شاسوار-1971) نووسینی (ئەمینی میرزا کەریم)، (شەوێک لە ژیانی خانزاد-1977) نووسینی (حەمە کەریم هەورامی)، (خەج و سیامەند-1979) نووسینی (فوئاد مەجید میسری)، (ژان-1979) نووسینی (فەهمی کاکەیی)و...تاد، هەروەها لە هەشتاکانی هەمان سەدە، کە بە سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی دەناسرێت و نەوەدەکان و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، کە زەمەن و سەردەمێکی نوێیە لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵی کوردەواریدا، دیسان تراژیدیا بە گرنگی خۆی مایەوە لەنێو شانۆی کوردیدا، وەک نموونە هەندێک دەق لە سەردەمە جودا جوداکان دێنینەوە، (سەرچاوەی ژیانێکی خامۆش-1980) نووسینی (ئەمینی میرزا کەریم)، (مانگرتن) نووسینی (محەمەد عەبدولرەحمان زەنگەنە)، (گوندەکەم-1981) نووسینی (حەمە کەریم هەورامی)، (هاوارێکی تاساو-1982) ئامادەکردنی (جەلیل زەنگەنە)، (شەهیدێ چارچرا چارچرایا شەهید-1983) نووسینی (د.نافع ئاکرەیی)، (شاری ئەوین-1985) نووسینی (تەلعەت سامان)، (گوریس-1997) نووسینی (تەلعەت سامان)، (مەرگەساتی مەرج-1990) نووسینی (محسن محەمەد)، لەو سەردەمانەدا چەندین کارەساتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانی و گۆڕانکاری گەورە گەورە ڕوویانداوە، کە بوونەتە هەوێن و ناوەرۆکی ئەو دەقە شانۆییە تراژیدییانە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەکو شەڕ و بەرخودانەکانی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و ئەنجام و لێکەوتەکانی، ئاوارەبوونی کوردان لەسەردەمە جیاوازەکاندا، قەیرانە ئابوورییەکان، شەڕەکانی براکوژی، شەڕەکانی حکومەتی بەعس لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان...هتد.

دەرکەوتن و گەڕانەوەش بۆ ئەو ژانرە هەروا هەرەمەکی و لەخۆوە و ڕێکەوت نەبووە، چونکە هەموو جارێك دەرکەوتنی تراژیدیا لەو ساتە هەستیارانەدا بووە، کە کۆمەڵ بەدەست دابڕان و دوورکەوتنەوە لە داب و نەریت و کلتوور و ڕەسەنایەتی ناڵاندویەتی، یاخود لەو ساتە مێژووییانەدا، کە بنیاتەکانی کۆمەڵ بەدەست بەردەوامی و گەشەکرن و دابڕان و دوورکەوتنەوە لە مێژووی نەتەوەیی ناڵاندوویانە، کە دەستکراوە بە تێکدان و لەناوبردن و گۆڕانکاریی لە بنیاتەکانی کۆمەڵدا، هەر وەك چۆن لە سەردەمی ئەرستۆکراتی کۆنی گریکی و سەردەمی دەرەبەگایەتی لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپییدا و لە کوردستانیش بەدرێژایی چەندین سەدە بەتایبەتی سەدەی بیستەم ڕوویداوە، بەم شێوەیە تراژیدیا لە هەموو هونەر و ئەدەبەکانی دیکە زیاتر گوزارشت لە هەست و ئاگایی تاك و کۆ دەکات و لە ساتە ناسك و دابڕاو و مەترسیدارەکان لە مێژوودا وەک فریادڕەسێک بەکارهاتووە، ئەم خەسڵەتەش زۆر بە باشی لە نێو دەقە شانۆییە تراژیدییە کوردییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە نەتەوەی کورد هەر لە دێر زەمانەوە کەوتۆتە ژێر هەرەشەی داگیرکاری خاک و نەتەوە و زمان و کلتوورەوە، بۆیە نووسەرانیش هاتوون ئەو زوڵم و زۆرەیان تۆمارکردووە، بۆئەوەی نەوەی ئەوکات و داهاتووی لێ ئاگادار بکاتەوە، هەروەها پاراستنی زمانی نەتەوەیی بەهۆی بەکارهێنانی وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی و ئاشناکردنی نەوەی نوێ بە زمانەکەی، لە هەمان کاتدا نووسەران چەندین داب و نەریت و کلتوور و خوو و ڕەوشت و فۆلکلۆری ماددیی و مەعنەوی نەتەوەکەیان لە نێو ئەو دەقانەدا تۆمارکردووە، کە بەهۆیەوە لە لەناوچوون و شێوان پاراستوویانە، هەر لە یەکەم دەقی شانۆیی نوسراوی کوردیدا ئەو مەزراندنەی نەریت و کلتوورە بەدی دەکرێت، بۆنموونە "بەکارهێنانی چەندین ڕەمز و نیشانە و نەریتێکی وەک: سەلاحەددینی ئەیوبی، مێواندۆستی، خۆشەویستی، مێرخاسی، لەخۆبردوویی لەپێناوی نیشتیماندا، ئازادیخوازی، ئازایەتی، گوێڕایەڵی بۆ میر، پاراستنی ناموس. کۆمەڵێک نیشانەن کە نەتەوەی کوردی پێدەناسرێتەوە" (پیربال, 2001، 53) ، لەنێو ئەو دەقەدا بەدی دەکرێن، هەتا ئەوەی (فەرهاد پیربال) لەبارەی ئەو دەقە دەڵێت، ناوەرۆکی ئەم دەقە ڕیشەیەکی فۆلکلۆری هەیە، نووسەر ئەم چیرۆکەی لە دەستخەتەوە وەرگرتووە و دایڕشتۆتەوە. هەروەها نووسەر

(محەمەد عەبدولرەحمان زەنگەنە) لە شانۆنامەی (مانگرتن) باسی مانگرتن و ڕاپەرینی کرێکارانی شەریکەی نەوتی کەرکوک دژی داگیرکەرانی ئینگلیز و نۆکەرانی ناوخۆ لە ساڵ 1948 دەکات و تراژیدیا و واقیعی ئەو کاتەمان بۆ تۆماردەکات، یان نووسەر (تەلعەت سامان) لە شانۆیی (قەل و ڕوتە) باس لە مەهزەلە و سیناریۆی هەڵبژاردنەکانی ئەجومەنی یاسادانانی ئەوسای ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکات و بەشێوەی ڕەمز و هێما ئەو پرۆسەیە ڕسوا دەکات و بەگاڵتەجاری وەسفی دەکات، هەروەها (فوئاد مەجید میسری) لە شانۆیی (خەج و سیامەند)دا چەندین دابونەریتی کۆنی دواکەوتووی کوردەواری خستۆتەڕوو، وەک  جیاوازی چینایەتیی و ڕێگریکردن لە ژن و ژنخوازی لەنێوان چینی ئاغاو جوتیار، هەروەها کوشتنی ژن بەهۆی ڕەدوکەوتنی...تاد. ئەمانەو چەندینی دیکە لە ڕەوشت و نەریت و بارودۆخی سەردەمەکە تۆمارکراون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە تراژیدیاکان تەنها ئەوە نین وەك جۆرێك لە جۆرەکانی ئەدەبی سەیربکرێن و هەژماربکرێن، بەڵکو بریتیین لە بەرزترین گوزارشتکردن لە ناوەرۆك و کرۆکێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کارەساتبار، نموونەیەکی بنەڕەتیشە، بۆ تێگەیشتن لە بناغەی شیعر و بنەماکانی فەلسەفەی جوانی..هتد، بە شێوەیەکی گشتی بەبێ پشت بەستن بە تراژیدیا نەتوانراوە لەو کاتانەدا سەرکەوتوو بین.(یاسر, 2013,  17)

داستانە فۆلکلۆرییەکانیش بووونەتە سەرچاوەیەکە بەسود بۆ نوسەرانی شانۆی کوردی، چەنکە هەر لە یەکەم دەقی نووسراو و زۆر لە دەقە شانۆییەکانی دواتریش سەرچاوەیان بۆ داستانە فۆلکلۆرییەکان دەگەڕێنەوە، بۆ نموونە دەقی شانۆیی (مەم و زین) لە داستانی فۆلکلۆری (مەم و زین) وەرگیراوە، دەقی شانۆیی (مەحمود ئاغای شیوەکەل) لە داستانی فۆلکلۆری (مەحمود ئاغای شیوەکەل) وەرگیراوە، دەقی شانۆیی (دوازدە سوارەی مەروان) لە داستانی فۆلکلۆری (دوازدە سوارەی مەروان) وەرگیراوە, شانۆیی (شەوێک لە ژیانی خانزاد) و شانۆیی (خانزادێکی تر) لە داستانی فۆلکلۆری (خانزاد و لەشکری) وەرگیراون, ، دەقی شانۆیی( دم دم) لە داستانی فۆلکلۆری ( قەڵای دم دم) وەرگیراوە، کە " ڕووداوە قارەمانییەکانی قە ڵای دمدم لەناو دڵی میللەتی کورد ماوەتەوە، لە رۆژگارانی نزیکەی چوارسەدە بەشێوەیێکی فراوان لە  ئەدەبی میللی سەرزاری کوردی (فۆلکلۆر)ڕەنگیان داوەتەوە" (خەزنەدار، 2006، 35).

دەقە شانۆییە کلتوورییە کوردییەکان سوودی زۆریان لە ئەفسانەکانیش وەرگرتووە، جا ئەو ئەفسانانە خۆماڵی بن یان جیهانی، نووسەرانی کورد هاتوون لەنێو دەقەکانیاندا مەزراندوویانن و بنیاتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووداوەکانیان لەسەر بنیاتناوە، بۆنموونە ئەفسانەی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر یەکێک بووە لە بابەتە سەرەکییەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی نمایش و دەقی نووسراوی کوردی، کە چەندین نووسەر و دەرهێنەر پەنایان بۆ ئەو بابەتە بردووە و سوودیان لێوەرگرتووە، بەتایبەتی لە یادی ساڵانەی نەورۆزدا، کە ڕووداو و کارەکتەرە سەرەکییەکانی وەکو (زوحاک و کاوە) و مارەکانی سەرشانی زوحاک...تاد، هەمووی لە ئەفسانە فۆلکلۆرییەکان وەرگیراون، نووسەر (تەلعەت سامان) لە بنیاتی دەقەکانیدا پشتی بە ئەفسانە بەستووە وەکو دەقەکانی (قەل و ڕووتە، شاری ئەوین، نەفرەتلێکراو و مەم و زین...تاد)، لە دەقی شانۆیی (شاری ئەوین)دا عەزیایەکی ئەفسانەیی دێت سەرچاوەی ئاوی شارێک دەگرێت و بەمەرج ڕۆژانە ماوەیەک ئاویان بۆ بەردەداتەوە بەرامبەر بەخشینی کچێکی جوان پێی، لە قەل و ڕووتەشدا قەلەکە وەک توخمێکی ئەفسانەیی بەکارهاتووە، لە نەفرەت لێکراویش هەردوو کارەکتەری خواوەندی سۆز و هۆش و کەسێتی نەفرەت لێکراو دەسەڵاتێکی ئەفسانەییان هەیە و کار و کردەوەی ئەفسانەیی ئەنجام دەدەن. بەم شێوەیە " بەرهەمی فۆلکلۆری، کە بەرهەمی هەست و بیر و ئەندێشە و خەون و خەیاڵی تاك و تەرا و کۆمەڵ و دەستە و تاقمەکانی پێکهاتە رەگەزییەکانی خەڵکی کوردستانە توانیویەتی تایبەتمەندی خۆی دیاربکات و مۆرك و رەسەنایەتی خۆی بپارێزێ و شوناسنامەی خۆی هەڵگرێ" (حەیران، 2012، 53)

مێژووش بۆ نووسەرانی کورد بووە بە باشترین کەرەستەی دەقەکانیان، لەبەرئەوەی کورد خاوەنی مێژووەکی دەوڵەوەمەند و پڕ لە شانازییە، بۆنموونە, داستانە گەورە بەناوبانگەکانی گەلی کورد، شۆڕش و بەرگریی و تێکۆشانی خوێناوی گەلی کورد دژی داگیرکەران لەسەردەمانی ڕابردوودا دەگێڕنەوە، لەو داستانانەش، داستانی (دوازدە سوارەی مەریوان)ە، کە بەئازایەتی و قارەمانەتی خۆیان سوپایەکی دوازدە هەزار نەفەری تێکوپێک دەشکێنن، دیارە ئەو داستانەش لە ڕووداوێکی مێژوویی وەرگیراوە، کە لە ناوچەی سلێمانی قەوماوە، سەرەتا گواستراوەتەوە بۆ نێو ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری پاشان لەوێوە بووە بە سەرچاوە بۆ نووسینی چیرۆێکی هونەری هاوچەرخی نوێ.(خەزنەدار, 2006, 37). هەروەها ڕووداوەکانی قەڵای دم دم ڕووداوی مێژوویی و حەقیقین و ئەمیر خانی برادۆستی، کە سەرکردەیەکی ئازا و بە جەرگی کورد بووە، نەیتوانیوە سەر بۆ داگیرکاریی و زوڵم زۆریی و ستەمی نەتەوەیی و نیشتمانی دانەوێنێ، ئەو داستانەی بۆ گەلەکەی تۆمارکردووە. نووسەران ئەو ڕووداوە مێژووییەیان وەک کەرستەیەکی مێژوویی لە هەموو جۆرەکانی ئەدەبدا بەکارهێناوە هەروەک ڕۆمانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"دمدمی عەرەب شەمۆ ئەگەرجی ڕۆمانێکی تەواو مێژووییە و شەڕی خۆڕاگرانەی خانۆی لەپزێڕین لە قەڵای دمدمدا..سوژەی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، قەت هاندەری بیری ناسیۆنالستی کوردانە نییە بۆ ژیاندنەوەی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری بەمەبەستی پەرەپێدانی ناسنامەیەکی سیاسی کوردانە" (زادە, 2012، 321)، لەبواری شانۆشدا چەندین دەق پشتیان بە ڕووداوە مێژووییەکان بەستووە، بۆ نموونە شانۆیی (خاتوو کڵاو زەڕ) کە باس لە سەردەمێك لە مێژووی نەتەوەی کورد دەکات، نووسەر لەو دەقە و دەقەکانی دیکەیدا بەمەبەست پەنای بۆ ئەو مێژوە بردووە، چونکە" نووسەرێکی وەکو حەمەکەریم هەورامی ، کە مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرە مێژووییەکاندا دەکات، بڕوای بە زیندووبوونەوەی پاڵەوانە مێژووییەکان هەیە" (بەرزنجی، 2009، 36). هەروەها شانۆیی (کاتێ هەڵۆ بەرز دەفڕێ)ی مامۆستا (ئەحمەد سالار)، کە باس لە مێژووی میرنشینی بابان دەکات، بەڵام نووسەر هاتووە باسی سەرکردەیەکی قارەمان لە نێو سەدان سەرکردەی ئەو میرنشینە و ماوەیەکی کورتی چەند ساڵی لەو دوو سەد ساڵەی تەمەنی میرنشینەکە دەکات، نەک تەواوی مێژووی ئەو میرنشینە، ئەویش باسکردنە لە ئازایەتییەکای (مەحموود خدر)ی سەرکردە. واتە تەنها چەند سەرە قەڵەمێکی لەو مێژووە هەڵبژاردووە، چونکە نووسەر دەتوانی هەندێك لایەنی وەسف و گێڕانەوەی درێژدادڕی دوورودرێژ و هەندێك ڕووداوی تەمومژاوی و تێکەڵ و پێکەڵی لاوەکی، کە خزمەت بە بابەتەکە ناکەن لاببات، هەروەها دەتوانێ کەسایەتی هونەریی و لاوەکی بۆ خزمەتی بابەت و کەسایەتییە سەرەکی و مێژووییەکان زیادبکات، هەروەها مێژوو لایەنی دەرەکی و ڕووکەشی بابەت و کەسیتییەکان دەکات، بەڵام شانۆ دێت لایەنی مرۆڤایەتی و هەست و سۆز و سایکۆلۆجی کەسێتییە مێژووییەکان دەخاتەڕوو، کاریگەری و هەڵوێستیان لەسەر ڕەوڕەوەی ئەو مێژووەدا دەخاتەڕوو، دەبێ نووسەر ڕەچاوی ڕاستی مێژوویی و ڕاستییە هونەرییەکان بکات و هیچیان نەکاتە قوربانی ئەوی دیکە، بەڵکو دەبێ هاوسەنگی و گونجانیان لەنێواندا دروستبکات، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا کارێکی ئەدەبیی و هونەری و مێژوویی دروستبکات، چونکە خوینەر و بینەر بۆ ئەوە کارێکی شانۆی مێژوویی ناخوێنینەوە, هەتا لە ورد و درشت و ڕاستییەکانی ئەو مێژوو ڕووداوەی ئەو سەردەمە شارەزابن، بەڵکو لەپێناو زانیاری و چێژ و جوانی و دروستبوونی هەڵوێست لەمەڕ ئەو ڕووداوە دەیخوێنینەوە یان دەینووسن و نمایشی دەکەن، چونکە ئەگەر بۆ مەبەستی یەکەمی بێت ئەوە باشترە کتێبێکی مێژوویی بخوێنینەوە نەك شانۆییەکی مێژوویی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموو جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر و کەلەپور و کلتووری هەر نەتەوەیەك بەو مێژووە دوور و درێژ و پڕ لە هەڵچوون و دەچوون و سەرکەوتن و ژێرکەوتن و شانازی و شەرمەزارییەوە دەبنە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی دەقە شانۆییەکان، کە زیاتر بە دەقی شانۆی مێژوویی ناسراون، کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بە حەز و تامەزرۆیی و شانازییەوە ئەو دەقەنە دەخوێنێتەوە یان دەچێت بۆ بینینیان لە کاتی نمایشکردنیان لەناو هۆڵ و سەر تەختەی شانۆکاندا، کەواتە " فۆلکلۆر بە هەموو شێوەکانییەوە، کە سەرچاوەی هەرە گرنگ و پڕ بایەخی مێژوویی میللەتە، چەندین بابەت و ئامانجی هەیە، ناوەرۆکی فۆلکلۆر بە گشتی ئەم مەرام و مەبەست و خواستانەی بە خۆیەوە دەگرێت، لە پێوەندی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی کۆمەڵ، مەسەلەی ئابوری و گوزەرانی ژیان و چۆنیەتی گەشەکردنی ئابوری، پەروەردە، پێوەندی ناوە و دەرەوە، ئاراستەکردن و چۆنیەتی بەڕێوەبردن و گەیاندنی هەواڵەکان و ئەو مەبەستانەی لە ناوەرۆکی دەقەکەدا هاتووە" (حەسەن, 1998، 25) ، کە بابەتەکانی فۆلکلۆر ئەو هەموو مەبەست و ئامانج و ناوەرۆکە و چەندینی دیکە لەخۆبگرێت، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چ کانگایەکی بەنرخ و بەهادار و لەبننەهاتووی ئیلهامە بۆ هەموو جۆرەکانی ئەدەب و هونەر، کە لە هەموو کات و سەردەم و بۆ هەموو مەبەستە جیاوازەکان نووسەران دەتوانن هانای بۆ ببەن و بەرهەمەکانیان پێ بڕازێننەوە و زیاتر لەناو کۆمەڵ ببنە جێگای متمانە و گەرانەوە بۆی.

## 2. 1 دەرئەنجامەکان

1. شانۆی جیهانی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە سودی لە کلتوور و بابەتە فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە و دەقەکانیان لەسەر ئەو بنەمایە دارِشتووە.
2. شانۆی کوردی هەر لە سەرەتای نمایشەکان و یەکەم دەقی نووسراوی شانۆییەوە، گەڕاونەتەوە بۆ کلتوور و بابەتە فۆلکلۆرییەکان و لەناو دەق و نمایشەکانیاندا بەکاریانهێناوە
3. ڕەوتی سودوەرگرتن لە کلتوور لەسەرەتاوە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە و هیچ کات و سەردەمێك ئەو بوارە فەرامۆش و پشتگوێ نەخراوە.
4. بەشێکی بەرچاوی دەقەکانی شانۆی کوردی سیما و خەسلەتەکانی کلتوور و داب و دەستووری نەتەوەکەی پێوەدیارە و نووسەران نەیانتوانیوە، خۆیان لەو خەسلەتانە ببوێرن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. کارەکەتەر و ڕوودا و کات و شوێنی دەقە کوردییەکان نامۆ نین بە کلتووری نەتەوەکەیان و لەو ڕوانگەیەوە نوسەران دایانڕشتوون.
6. کلتوور و فۆلکلۆری نەتەوەیی بووە بە سەرچاوەیەکی بەرفراوان بۆ نووسەرانی کورد تا لەکاتی نووسین و دارشتنی دەقەکانیان بۆی بگەڕێنەوە و سوودی لێوەربگرن، بەتایبەتیش قۆناغەکانی سەرەتا و ناوەڕستی مێژووی شانۆی کوردی.

## 3. 2 پێشنیازەکان

1. نوسەران دەقی شانۆیی ئەگەر پەنابەنە بەر بەکارهێنانی کلتووری نەتەوەیی، ئەوا دەقەکانیان تەمەندرێژتر دەبێت و زیاتر لەناو خەڵکی پێشوازیيان لێ دەکرێت بۆیە پێویستە نووسەرانی دەقی شانۆیە سود لە کلتوور وەربگرن.
2. باشترە نوسەرانی دەقی شانۆیی بابەتەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوەکەیان وەکو حەکایەت و ئەفسانە و داستانەکان تەوزیفی نێو دەقەکانیان بکەن.
3. مێژوو وەکو بەشێك لە کلتووری هەر نەتەوەیەك، کە بەشێکی دانەبڕاوە لە رابردووی هەر نەتەوەیەك، پێویستە ئاوڕ لەو کەرەستە دەوڵەمەندە بدرێتەوە و لەنێو دەقە شانۆییەکانیاندا بەکاریبهێنن.
4. پێویستە دەرهێنەران لەکاتی هەڵبژاردنی ئەو جۆرە دەقانەدا ئەمانەتپارێز بن و ئەو سیما کلتووری و فۆلکلۆرییەی نوسەری دەقەکان بە شانۆنامەکانیان بخشیوە کاڵی نەکەنەوە لەکاتی نمایش وەکو خۆی بەکاریبهێنن و زیاتر ئەو سیمایە پەلارەپێبدەن.

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی- کتێب:**

1. ئەحمەد، نەجات حەمید، 2008، تیۆری بنیاتی شاراوە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
2. بەرزنجی، یاسین قادر، 2009، هونەری دراما و رامانێك لە درامای کوردی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
3. پیربال، فەرهاد، 2001، مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردییدا لە کۆنەوە تا 1957، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
4. پیربال، فەرهاد، 2002، عەبدولڕەحمی رەحمی هەکاری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
5. حوسێن، هیمداد، 2007، رێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. حەیران، ئەحمەد، 2012، کانی خومارۆکێ، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
7. خەزنەدار، مارف(د)، 2006، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب6، ئاراس، هەولێر.
8. زادە، هاشم ئەحمەد(د)، 2012 زمان و ئەدەب و ناسنامە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
9. سالار، ئەحمەد، 2007، دەروازەی دراما، ب2، چ2، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
10. فەلاح, شەرف, 2008, ڕۆچینەیەك بۆ ئەدەبی كوردی لە رۆژهەڵاتی كوردستان، ب1، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

**کوردی- گۆڤار:**

11. پیت، روبێر ئیسكار، 1999، ئەركەكانی كۆمەڵناسی ئەدەبیات، و.عەوڵا بەهرامی، گۆڤاری رامان، ژ.39، هەولێر.
12. حەسەن ، غازی ، 1998، فۆلكلۆر و سەرهەڵدانی راگەیاندن، گ. رامان، ژ.(27)، هەولێر.
13. عومەر، موحسین ئەحمەد(د)، 2006، ئەدەب و كۆمەڵگە، گۆڤاری رامان، ژ(105)، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی:**

14. ابن یاسر، عبدالواحد, 2013، المأسات والرؤية المأساوية في المسرح العربي الحديث, منشورات ضفاف.
15. رسول، عيزالدين مصطفى(د), 2010، الواقعية في الادب الكوردي, اراس، ط2, اربيل.
16. سرحان، سمير(د)، 2000، مبادء علم الدراما، هلا للنشر والتوزيع.
17. شبر، ماجد، 1995، الادب الشعبى العراقى، دار كوفان، لندن.
18. غمبار، كمال، 2010، مقالات نقدية فى المسرح الكوردى. مطبعة كارو, سليمانية.
19. فارجارس، لويس، المرشد الى فن المسرح، ت.احمد سلامة محمد، دار الشؤن الثقافية العامة- بغداد والهيئة المصرية العامة للكتاب- القاهرة.
20. فرنان، جان بيير، ناكيه، بيرڤيدال، 1999، الاسطورة والتراجيديا فى اليونان القديمة، ت: د. حنان قصاب حسن.
21. مجيب، حسين (د)، الاسطورة بين العرب والفرس والترك، ج4، دار الثقافة للنشر.

## الملخص

البحث الموسوم ب( انعكاس التراث والفلكلور في المسرح الكوردي)، دراسة تحليلية وصفية، تسلط الضوء على توظيف التراث والفلكلور في النص المسرحي، ويشمل التراث مجالات عديدة، منها الأدب الفلكلورى الذي يقع في دائرة التراث المعنوي.
استفادت كتّاب الشعوب من التراث الشعبي والفلكلور وأصبح هذا التراث والفلكلور أساسا لنصوصهم.
واستفادت كتاب الكورد من التراث والفلكلور ولاسيّما الأدب المسرحي، فبدأوا بالعرض المسرحي، والموضوعات كانت تراثية وفلكلورية، وفيما بعد بدأت الكتابة المسرحية التي وظفت التراث والفلكلور في نصوصها، ومرّ هذا المشروع الكتابي بمراحل متنوعة وبأساليب مختلفة و بنسب متفاوتة و بحسب الظروف والعصور المتعاقبة.
ولهذا ارتأينا البحث في هذا الموضوع كي نستدل على توظيف المسرح الكوردي للتراث والفلكلور الكوردي .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بني البحث على مجموعة من الأسئلة، منها، هل هناك ملامح تراثية في المسرح الكوردي؟ ومتى كانت البداية للنصوص المسرحية الكوردية المكتوبة؟ وكيف كان شكلها؟ وبماذا استعانت هذه النصوص؟
تتكون الدراسة من مبحثين إثنين، وكل مبحث يحتضن ثلاثة محاور، وعلى النحو الآتي: ( توظيف الكتّاب للتراث والفلكلور، سبب الرجوع الى التراث والفلكلور والاستعانة بهما، كيفية استفادة الأدب عموما والمسرح على وجه الخصوص من التراث والفلكلو، وتاثير التراث في اجتماعية النصوص المسرحية، وبروز النصوص الكوردية المكتوبة والتراث، وظهور المسرح الكوردي المكتوب، والأحداث الكارثية التاريخية).

## The Reflection of Culture and Folklore in the Kurdish Theatre

**Asst. Prof. Kaify Ahmad Abdulqader**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, koya university, koya, Kurdistan Regin,Iraq
Kaify.ahmad@koyauniversity.org

**Asst. Prof. Hawzhen Slewa Essa**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, koya university, koya, Kurdistan Regin, Iraq
hawzhen.slewa@koyauniversity.org

## Abstract

The paper entitled "The Reflection of Culture and Folklore in the Kurdish Theatre", is a descriptive analytic study that enlightens the role of culture and folklore in theatrical texts. The culture is that broaden circle that encompasses several fields, one of them is literary folklore, which is within the circle of figurative folklore. The authors of all the nations got benefit of their culture and folklore and made them the element and basis of writing their texts. Kurdish authors in all of the fields and genres of literature have got advantage of that important area (culture and folklore); one of those types of literature is theatre. Kurdish theatre when begins displaying, all the subjects were cultural and folkloric topics. After the emergence of written Kurdish theatrical texts, once again culture and folklore have become the essence and basis of those written theatrical texts. Starting from the first theatrical texts till now, that process continued in various ratio, styles and solutions from era to era. Consequently,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

we intend to investigate this field and to prove and reveal that the Kurdish theatre used culture and folklore as one of the sources of writing and displaying theatre.
The current study has based on some questions that could be seen as the problem of the study which are: Whether Kurdish theatre holds any cultural features? How has the written Kurdish text started and what has it depended upon? The study composes of two parts and each part comprises three sections which are (writers' advantage of culture and folklore, factors and purposes of referring back to culture and folklore.